تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5961) پێنج شەممە 25ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەکی سەرەخۆشی ئاراستەی کۆسرەت ڕەسول دەکات

دوێنێ چوارشەممە 24/6/2020بەبۆنەی کۆچی دوایی تەمین ئەحمەد عەلی دایکی خاتوو ئەمیرە زەنگەنە خێزانی کۆسرەت ڕەسول عەلی، سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی کۆسرەت ڕەسول کرد. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو تەمینە ئەحمەد عەلی دایکی هاوسەری بەڕێزتانمان پێ گەییشت. سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکارتان دەکەم. لە خودای گەورە داواکارم کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و دڵنەواییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2020/6/24

فازڵ میرانی پێشوازیی لە کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان کرد



دوێنێ چوارشەممە فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە جیمس پورنتون، کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دانیشتنەکەدا کە هۆشیار سیویلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ئامادەی بوو، وێڕای بەخێرهێنانی میوان، سکرتێری مەکتەبی سیاسی خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بۆ ئەم دیدارە و هیوای سەرکەوتنی بۆ خۆاست لە ئەرکە نوێیەکەیدا و ئامادەیی سەرکردایەتیی پارتیی دەربڕی بۆ هەر هاوکارییەک.

فازڵ میرانی باسی لە ڕەوشی عێراق و ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی و دواین پێشهاتەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا لە هەموو جیهان و دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتا ترسناکە کرد و، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و گرنگیی چارەسەری کێشەکان بە ڕێگای بەردەوامیی دیالۆگ لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، کە گرنگە ئەم دەستووره وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

کونسوڵی گشتیی بەریتانیاش سوپاسی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتیی کرد بۆ ئەم دیدارە و هیوای خواست کە پەیوەندییەکانی نێوانیان پەرە پێ بدرێت و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا پێش بکەوێت و خۆشحاڵیی خۆی دەبڕی بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە کۆسرەت ڕەسول عەلی دەکات

دوێنێ چوارشەممە 24/6/2020 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ کۆچی دوایی خاتوو تەمینە ئەحمەد سەرەخۆشی لە کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرێوەبەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد. لەمیانی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی ئاراستەی کۆسرەت ڕەسول عەلی و خانەوادەی کۆچکردوو کردو هیوای خواست دواناخۆشی هەموولایەک بێت.

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

دوێنێ چوارشەممە 24/6/2020بەبۆنەی کۆچی دوایی تەمین ئەحمەد عەلی دایکی خاتوو ئەمیرە زەنگەنە خێزانی کۆسرەت ڕەسول عەلی، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی کۆسرەت ڕەسول کرد. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرێوەبەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو تەمینە ئەحمەد دایکی هاوسەری بەڕێزتانم بیست. پرسە و سەرەخۆشیتان لێ دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە بنەماڵەکەی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/6/24



6

هەڵەبجە... بەهۆی نەبوونی کیتی پزیشکی پشکنینی کۆرۆنا ڕاگیرا

سەفار: هەرێم و بەغدا لە گفتوگۆکان جیددین و ئیرادەیەکی باش بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن هەیە

بڕیارەدەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە دانوستانەکان جیددین و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەرقەیەکی شەفافی بۆ دانوستان ئامادە کردووە و ئیرادەیەکی باشیش بۆ ڕێککەوتن هەیە، بۆیە گەشبینین کە ڕێککەوتن بکرێت. د. ئەحمەد سەفار، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا بەردەوامن و هەردوو شاندی حکوومەتی هەرێم و بەغدا لە گفتوگۆدان، چونکە هەردوو حکوومەت لە قەیرانی دارایی دان، بۆیە پێویستە لەلایەن هەردوو لا سازش هەبێت بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، چونکە قەیرانێکی قوواڵی دارایی لە عێراق هەیە. د. ئەحمەد سەفار گوتیشی: هەردوو حکوومەت بۆ ڕێککەوتن جیددین و ئیرادەی بەهێز هەیە، شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هەموو زانیارییەکانی لەگەڵ خۆی بردووە و وەرەقەیەکی شەفاف و ڕێکوپێکیان ئامادە کردووە بۆ دانوستان، بۆیە ئومێدی زۆر هەیە بگەنە ڕێککەوتن.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

شوان مجەمەد تەها: بەردەوامیی دانوستانی هەرێم و بەغدا لە ماوەیەکی کەمدا بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەکات



3

وتەبێژی سەرۆک وەزیران: تەنیا لە یەک وەزارەت 18هەزار مووچەخۆری دوو مووچە هەن

ماوەی دوو ڕۆژە شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لە بەغدایە و دوێنێش شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق کۆبۆوەو بەرپرسێکی پارتییش لە بەغدا دەڵێ، گەشبینین بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەکرێن. لەمبارەیەوە شوان محەمەد تەها، بەرپرسی لقی پارتی لە بەغدا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان جوولەی دانوستانەکانی چڕ کردووەتەوە بە شێوەیەکی تەندروست، دیارە سەردانەکانی ڕابردوو و ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیی هەیە لەسەر کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، ئەگەر هەنگاوەکان بەم شێوەیە گوزەر بکەن لە ماوەیەکی کەمدا هەندێک لە کێشەکان چارەسەر دەکرێن، چونکە کێشەکانی عێراق، کێشەی لەمێژینەن و هەر لە نێوان هەرێم و بەغدا نییە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



لە هەولێر نرخی بەنزین بەرزدەبێتەوە

خەبات/عەلی بانیشاری: لەماوەی دوو ڕۆژدا لە شاری هەولێر نرخی لیترێک بەنزینی نۆڕماڵ 30-25 دینار بەزڕبووەتەوە. بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دەڵێت: بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە جیهاندا هەیە. دەشڵێت: ئەگەر ژیانی ئاسایی بێتەوە نرخی بەنزین زیاتر بەرز دەبێتەوە. ئاری کاکەشین، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر بە(خەبات)ی گوت: بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە جیهاندا هەیە. گوتیشی: بەراورد بە پێشتر خواست لەسەر بەنزین زیادیکردووە ئەوەش هۆکارێکی دیکە بۆ بەرزبوونەوەی نرخ. ئاماژەی بەوەشدا بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین شتێکی ئاساییە.

2



بەهۆی کۆرۆناوە نزیکەی 10هەزار کەس لە ئێران گیانیان لەدەستداوە

لە ئێران لە میانی 24کاتژمێردا، 133تووشبووی دیکەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، بەوەیش ژمارەی ئەوانەی تا ئێستا بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ نۆ هەزار و 996کەس. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ڕایگەیاند کە لە میانی 24کاتژمێردا، 133 تووشبووی دیکەی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و 531 حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمارکراوە. سیما سادات لاری ئەوەیشی خستەڕوو کە تێکڕای ژمارەی گیانلەدەستدان بە پەتاکە گەیشتووەتە، نۆ هەزار و 996کەس و ژمارەی تووشبووانیش بەرزبووەتەوە بۆ 212هەزار و 501کەس. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران باسی لەوە کرد کە ڕەوشی تەندروستیی دوو هەزار و 869تووشبوو ناجێگیرە و 172هەزار و 96تووشبووش چارەسەریان وەرگرتووە و نەخۆشخانەیان جێهێشتووە. سیما سادات لاری ئاماژەی بەوەیش کرد کە تا ئێستا تێکڕا، یەک ملیۆن و 502 هەزار و 525پشکنین ئەنجامدراوە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران باسی لەوەیش کرد کە لە پارێزگاکانی خوزستان، کوردستان، هورمۆزگان، کرماشان، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و سیستان-بەلوچیستان، فارس، گوڵستان ژمارەی تووشبووە خەوێندراوەکان و حاڵەتەکان کەمی نەکردووە. جێی باسە یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە پەتاکە لە ئێران لە 19ی شوباتی ڕابردووداو لە پارێزگای قوم تۆمار کرا.



7

پرۆسەی تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەستپێدەکات

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازی داخرانی هیچ کەنالێکی تەلەفزیۆن و میدیای نییە



لە رێکەوتی **22/6/2020** لێژنەی پاراستنی رۆژنامەنووسان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان داوای داخرانی کەنالێکی ئێن ئار تی دەکات. بەیاننامەکە داوای ڕەتکردنەوەی داواکاری گشتی دەکات بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. نوێنەری لیژنە ناوبراوەکە داواکاریەک ئاراستەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە بدرێت سەبارەت بەم بابەتە. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانیش بە بەیاننامەیەک چەند ڕوونکردنەوەیەکی خستەروو، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری دەسەڵاتی دادوەری هەڵدەستیت بە چاودێریکردنی ڕەوایی یاسا و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەدواداچوونی پەیڕەوکردنی یاسا، و هەروەها بەدواداچوون دەکات بۆ ئەو پێشێلکارییانەی کە دەزگای حکومی و ناحکومییەکان تێیدا ئەنجامدەدەن. لێرەدا داواکاری گشتی داوایەکی ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کردووتەوە لەسەر بنەمای یاسایی و ئیداری سەبارەت بە ئادائی کەنالی میدیایی ئێن ئار تی لە ڕووی پیشەییەوە. داواکە لەسەر داوای حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەکرایتەوە و دووڕیشە لە مەرامی سیاسی، بە پێچەوانەوە ئەم داواکارییە لەسەر بنەمای تەندروستی گشتی بووە و پاراستنی ژیانی هاوواڵتیان.

لەچەند مانگی ڕابردوودا، کەنالێ ئێن ئار تی لە کەمپەینێک بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕوونی کردۆتەوە کە هیچ مەترسیەکی نییە لەسەر هەرێمی کوردستان. لەم بارەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری چەند ئاگادارییەکی ئاراستەی کەنالەکە کردووە کە ئەم تۆمەتانە ڕابگرن سەبارەت بەوەی کە قایرۆسەکە بوونی نییە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر نە ژیانی هاوواڵتیان دەخاتە مەترسی. دوا ئاگاداری کە ئاراستەی کەنالەکە کراوە لە ڕێکەوتی **3/6/2020** بوو. کە تێیدا ئاماژە بەو دۆخە مەترسیدارەی هەرێمی کوردستانی تێدایە کراوە، و ئاماژە بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا دەکات. کەچی لە نامەی ئاگادارکردنەوەکە هاتبوو کە کەنالی ئێن ئار تی هیچ پابەند نییە بەم ڕێکارانەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەریکردبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان باوەڕی بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە و بە یەکێک لە بنەمای سەرەکییەکانی یەکگرتنی سیستەمی دیموکراتی دەزانێت. داواکاری گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکوومەتی هەرێم لەکاتی ئێستا هەڵسەنگاندنی بابەتەکە دەکەن و یەکێک لە پێشنیارەکان ئەوە کە ڕێکاری یاسایی بگرێتەبەر بە ڕاوێژ لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و دەسەڵاتی دادوەری.



وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هاوسۆزی خۆی بۆ قوربانیانی بۆردومانەکەی کۆبانی دەردەبڕێت

دەنگی ئەمەریکا/ گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هاوسۆزی قوڵتری خۆی دەربڕی بۆ کەسوکاری ئەو سڤیلانەی ڕۆژی سێشەممە لە هێرشەکەی تەل حەلەف و بۆردومانەکەی کۆبانی گیانیان لەدەست دا.

مۆرگن ئۆرتێگەس شەوی سێشەممە لە ڕێگەی تویتەرەکەیەوە ڕاگەیاندنەکەی بڵاوکردەوە، تیایدا نووسیویەتی: هاوسۆزی قوڵتری خۆمان دەردەبڕین بۆ کەسوکاری ئەو سڤیلە بێ تاوانانەی کوژران و ئەوانەشی بریندارببوون لە هێرشە تێرۆرستییەکەی تەل حەلەف و بۆردومانە ئاسمانییەکەی سەر کۆبانی.

دەبێت هەموو لایەنەکان بە وردی سەنگی بخەنە سەر چارەسەرێکی سیاسی بەردەوام بۆ شەڕ لە سووریا، وەک چۆن لە بڕیاری **2254**ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی **2015**دا ڕاکراوە. بەردەوامبوونی تووندوتیژییەکان دەبنە کۆسپ لەبەردەم هیواکان بۆ گەیشتن بە هەر چارەسەرێک. پشتیوانی بەهێزی خۆمان بۆ گوتێرش، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێدرسن، نێردراوی تایبەت دووپاتدەکەینەوە لە داواکەیان بۆ ئاگربەستی دەستبەجێی لەسەر ئاستی تەواوی وڵاتەکە و هەروەها هەوڵەکانی پێدرسن، نێردراوی تایبەت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بەپێی بڕیاری **2254**ی ئەنجومەنی ئاسایش.

جێی ئاماژەیە پێشتر کۆمەڵەی سووریا بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند شەوی سێشەممە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکیا ماڵێکی لە گوندی حەلەنجی کۆبانی کردە ئامانج و لە ئاکامدا **5** کەس گیانیان لەدەست دا کە **3**کەسیان ژن بوون. کۆمەڵەکە دەشڵێت هێرشەکە لەو کاتەدا ئەنجام دراوە کە ژمارەیەک لە ژنانی ڕێکخراوی کۆنگرەی ستاری ژنانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری لە ماڵەکەدا کۆدەبوونەوە.

باکووری کوردستان... سەرۆکی لەکاردوورخراوەی شارەوانی جزیر بە زیاتر لە 6 ساڵ زیندانیکردن سزا درا

دوێنێ چوارشەممە سەرۆکی لەکاردوورخراوەی شارەوانی جزیر، مەهمەت زرغ کە ئەندامی هەدەپەیە بە بیانووی ئەندامبوون لە پارتی کرێکارانی کوردستان، بڕیار درا شەش ساڵ و سێ مانگ زیندانی بکرێت. بەهۆکاری ئەمنی دانیشتنی دادگا لە هۆڵەی پێنجی دادگای سزا قورسەکانی ماڵاتیا بەڕێوەچوو کە تیایدا **79**کەسی بەناو تۆمەتباری دەستبەسەرنەکراو بە مەهمەت زریغەوە بەشدارییان تیادا نەکرد، بەڵام پارێزەرانی تۆمەتباران بەشداربوون لە دانیشتنەکەدا. سەرۆکایەتی داواکاری کۆماریی دوای دابینی داوای کرد **15**لەو تۆمەتبارانە بە بیانووی "دروستکردن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی چەکدار" بە ماوەی لێک جیاواز لە **15**ساڵەوە تاکو **22**ساڵ و شەش مانگ زیندانیکردن سزا بدرێن، هەروەها **64**تۆمەتباریش کە سەرۆکی لەکارلادراوی شارەوانی جزیر، مەهمەت زرغیشیان لەنێو دایە بە بیانووی "ئەندامبوون لە ڕێکخراوی چەکدار" بە حەوت ساڵ و شەش مانگ تاکو **15**ساڵ زیندانیکردن سزا بدرێن. دەستەی دادوەریش دوای گوێگرتن لە پارێزەرەکانی تۆمەتباران بڕیاری خۆی خوێندەوە.

لە بڕیارەکەدا مەهمەت زرغ بە تۆمەتی "ئەندامبوون لە ڕێکخراوی چەکدار" بە شەش ساڵ و سێ مانگ زیندانیکردن سزا درا. **67**تۆمەتباریش کە ژمارەیەک سەرۆک شارەوانی پێشوو، ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی لەنێو دابوون بە تۆمەتی "ئەندامبوون لە ڕێکخراوی چەکدار" بە ماوەی لێک جیاوازی حەوت ساڵ و شەش مانگ تاکو **10**ساڵ زیندانیکردن سزا دران. هەروەها بڕیاریش درا کە قەدەغەکردنی گەشتکردن بۆ دەرەوە لەسەر سەرجەم تۆمەتبارە سزادراوەکان بەردەوام بێت.

سەفار: هەرێم و بەغدا لە گفتوگۆکان جیددین و ئیرادەیەکی باش بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن هەیە

بڕیارەدری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە دانوستانەکان جیددین و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەفدێکی شەفافی بۆ دانوستان ئامادە کردووە و ئیرادەیەکی باشیش بۆ ڕێککەوتن هەیە، بۆیە گەشبینین کە ڕێککەوتن بکرێت. د. ئەحمەد سەفار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا بەردەوامن و هەردوو شاندی حکوومەتی هەرێم و بەغدا لە گفتوگۆدان، چونکە هەردوو حکوومەت لە قەیرانی دارایی دان، بۆیە پێویستە لەلایەن هەردوو لا سازش هەبێت بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، چونکە قەیرانێکی قوواڵی دارایی لە عێراق هەیە. د. ئەحمەد سەفار گوتیشی: هەردوو حکوومەت بۆ ڕێککەوتن جیددین و ئیرادەی بەهێز هەیە، شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هەموو زانیارییەکانی لەگەڵ خۆی بردووە و وەرەقەیەکی شەفاف و ڕێکوپێکیان ئامادە کردووە بۆ دانوستان، بۆیە ئومێدی زۆر هەیە بگەنە ڕێککەوتن.

دەشڵێ: گفتوگۆ لە نێوان هەردووشاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر چەندین تەوەر دەکرێت، وەکو بودجە و نەوت و خاڵە سنووریەکان و پێشمەرگە و ماددەی **140**؟ بۆیە گفتوگۆکان بەردەوام دەبن تا ڕێکدەکەون.

لەبارەی وەرگرتنی قەرز لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، د. ئەحمەد سەفار گوتی: ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پڕۆژەیاسایەکمان ئامادە کردووە، کە حکوومەتی عێراق بە هۆی قەیرانی دارایی قەرز بکات کە **5**ملیار دۆلاری دەرەکی و **15**ترلیۆن دیناری ناوخۆیە و ڕەنگە گۆڕانکاریش بەسەر قەرزەکاندا بێت، چونکە لەناو هۆڵی پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدرێت و حکوومەتیش داوای کردووە بۆ ئەم چەند مانگە یاسای بودجە نەبێت و بە قەرز بەڕێوە بچێت و ئەوبڕەی دانراوە زیاد بکرێت.

شوان محەمەد تەها: کێشەی لەمێژینەن و هەر لە نێوان هەرێم و بەغدا نییە



ماوەی دوو ڕۆژە شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لە بەغدایە و دوێنێش شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق کۆبۆوەو بەڕێزێکی پارتییش لە بەغدا دەڵێ، گەشبینین بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەکرێن. لەمبارەیەوە شوان محەمەد تەها، بەڕێزی لقی پارتی لە بەغدا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان جوولەی دانوستانەکانی چڕ کردووەتەوە بە شێوەیەکی تەندروست، دیارە سەردانەکانی ڕابردوو و ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیی هەیە لەسەر کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، ئەگەر هەنگاوەکان بەم شێوەیە گوزەر بکەن لە ماوەیەکی کەمدا هەندێک لە کێشەکان چارەسەر دەکرێن، چونکە کێشەکانی عێراق، کێشەی لەمێژینەن و هەر لە نێوان هەرێم و بەغدا نییە.

لەبارەی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ بەغدا بەڕەسمەکەی پارتی لە بەغدا ڕوونی کردۆتەوە: سەردانی نێچیرڤانی بارزانی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بۆ لای حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق خۆی لە خۆیدا ئەوە هەم هێورکردنەوە و هەم هەنگاوی نوێیە، ئەو پەیامە بە حکوومەتی عێراق گەیاندراوە کە ئێمە لە کاتە ناخۆشەکانی عێراقیشدا لە پەیوەندی و ئامانجەکان بەردەوام دەبین.

شوان محەمەد تەها ئەوەشی گوتووە: حکوومەتی ئێستای عێراق داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کێشەکان سەرلەنوێ چارەسەر بکرێن، هەروەک مستەفا کازمی گوتوویەتی وەرەقەی سپێمان ئامادە کردووە سەرلەنوێ لەسەر زۆر شت بگەینە ڕێککەوتن، ئەوەی کێشەیە لە نێوان هەرێم و بەغدا زیاتر کێشەی سیستەمی حوکمڕانییە لە عێراق، بە ئامادەبوونی کورد لە بەغدا و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی پرسەکان.

لە هەولێر نرخی بەنزین بەرزدەبێتەوە



خەبات/عەلی بانیشاری

لەماوەی دوو ڕۆژدا لە شاری هەولێر نرخی لیترێک بەنزینی نۆڕماڵ **30-25** دینار بەزربووەتەوە. بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دەڵێت: بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە جیهاندا هەیە. دەشڵێت: ئەگەر ژیانی ئاسایی بێتەوە نرخی بەنزین زیاتر بەرز دەبێتەوە.

ئاری کاکەشین، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر بە(خەبات)ی گوت: بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە جیهاندا هەیە. گوتیشی: بەراورد بە پێشتر خواست لەسەر بەنزین زیادیکردووە ئەوەش هۆکارێکی دیکە بۆ بەرزبوونەوەی نرخ. ئاماژەی بەوەشدا بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین شتێکی ئاساییە.

ناوبراو دەشڵێت: پێشتر نرخی نەوتی خاو زۆر دابەزیبوو، هەروەها دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم داخرابوون و شۆفێران پێویستان بە بەنزین نەبوو، ئەو هۆکارانە وایانکردبوو نرخی بەنزین لە هەولێر زۆر دابەزێن. ئاری کاکەشین جەختی لەوەکردەوە ئەگەر ژیانی وەکو پێشتر ئاسایی بێتەوە، نرخی بەنزین زیاتر بەرزدەبێتەوە. لەبارەی کوالێتی ئەو بەنزینەی بەنزینخانەکانی هەولێر دەیفرۆشن؟ بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دەڵێت: بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کوالێتی بەنزین زۆر باشە و دوو تیم بەردەوام پشکێنن بۆ بەنزینی بەنزینخانەکان دەکەن، کە یەکێک لە تاقیگەی ناوەندییە، ئەوەی دیکەیان بەسەر بەنزینخانەکاندا دەگەڕێت. هەروەها گوتیشی: هەفتەی ڕابردوو بەهۆی خراپی کوالێتی نەنزین لە شاری هەولێر پێنج بەنزینخانەی ئەهلی داخراون.

ئاری کاکەشین باس لەوەشدەکات بەهۆی نەبوونی بەنزینی پێویست لە کۆی شەش بەنزینخانەی حکوومی لە سنووری پارێزگای هەولێر، لەئێستادا تەنها یەک بەنزینخانە ئیش دەکات و پێنج بەنزینخانە دیکە لە ناحییە و قەزاکان و سەنتەری شاری هەولێر داخراون.

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پەپامنێری (خەبات) پەیوەندیکرد بە هێمن قادر، جێگری پارێزگای هەولێر ناوبراو تەنها ئەوەندەی گوت: ئاگاداری بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە شاری هەولێر نییە. ڕۆژانە سنووری پارێزگای هەولێر پێویستی بە زیاتر لە سێ ملیۆن لیتر بەنزینە. بەپێی ئامارەی بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی هەولێر نزیکەی **300**بەنزینخانەی ئەهلی لە شاری هەولێر هەن کە مولەتی کارکردنیان هەیە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/25 ژمارە (5961)

کلیلی چارەسەری کێشەکان.. نێچیرڤان بارزانی سەرکردەیەک بۆ ئێستا و داهاتوو



ساسان دەرویش – هەڵەدا

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ بەغدا لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و سەرکردە و لایەن عێراقییەکان کۆبۆوە.

ئاشکراکردنی بەشێکی ناوەڕۆک و پەیامەکانی بۆ بەغدا و بەئاراستەی چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆیان، لە کۆبوونەوەکاندا قسە و باسیان لێوەکرا و لە میدیکانیشەوە خرانە بەردید و گوێی هاوواڵاتیانی کوردستانی و عێراقی و بە سەردانێکی سەرکەوتوو وەسف کرا و میدیاکانی عێراقیش و لایەنەکان و هاوواڵاتیانیان خۆشحاڵیان دەربڕی و پشتگیری خۆیان بۆ ئەم هەنگاوە دەربڕی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانییان بە یارینێکی لێهاتووی نێو گۆڕەپانی سیاسی و دیپلۆماسی ناوبرد کە لەم کاتوساتەدا قەیرانەکان کەڵەکەبوون و پرسەکان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، دەکرا لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراقیش مستەفا کازمی لە ئایندەی هەرێم و عێراق گفتوگۆ بکەن.

لەناوخۆی هەرێمیش سەردانەکە بەرزنرخێندرا بە چارەسەرکردنی بودجە و داهاتی خەڵکی کوردستان و دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران لە بەرانبەردا لەگەڵ بەغداد بکەونە ڕێککەوتنێک کە خەڵکی کوردستان مسۆگەر بن لە داهات و مووچەکانیان و ڕەوینەوەی نیگەرانییەکانیان و کارکردنیان بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی ناوخۆ و ئاراستەکردنیان بە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی بۆ کارکردن لەسەر دەستوور کە پێکەوە لە بەغدا، کوردستان بە بەهێزی بهێڵنەوە و پرسە هەڵواسراوەکانی کورد و مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکەن.

ئەمەش لە چەند مانگی ڕابردوودا زۆر بەڕاشکاوانە هەنگاوی بۆ بڕیوە و بانگهێشتی هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکانی کردووە لەسەر مێزی گفتوگۆ هەوڵەکان یەکبخرێت دەستکەوتەکانی کورد دەوڵەمەنتر بکرێت. ئەمەیە تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی سەرکەوتوو، ئازایەتی و لێهاتوویی لە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانیدا کۆبووەتەوە وەک کلیلی چارەسەرەکان و یاریزانێکی لێهاتووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئەندازیاری ئاوەدانی و دەوڵەتداری.

لە تەمەنێکی زۆر گەنجی هاتووەتە مەیدانی خەباتکردن لە شاخ وەک پێشمەرگە و بەشدار لە پلانی ڕاپەڕین و لە دوای ڕاپەڕینیش سەرکردەیەکی لێهاتووی میحوەری سلێمانی و کەرکووک بوو، شانبەشانی پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بەشداری کرد و سەرپەرشتی ئازادکردنی کەرکووکی دڵی کوردستانی کرد و لە کێشانەوەی پێشمەرگە و ئاوارەبوونی خەڵکیش لە چیای ئەزمەڕی سلێمانی ڕووبەڕووی تانک و زرێپۆشەکانی دوژمن بووە.

لە قۆناغی کوردبوون بە خاوەنی پەرلەمان و حکوومەت، ڕۆڵی جوامێرانەی لە حوکمڕانیکردنی کوردستاندا بێنی لە پەرەپێدان و پشتگیریکردن لە پێکەوەژیانی ئاییننزاکانی کوردستان، لەدوای ساڵی 2003و ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی گۆڕەگوڕ، بە توانایەکی بەهێزەوە هاتە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان و عێراق کە بتوانێت ئەو پەیامەی لە خزمەتی خەڵکی کورد و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کە هەیەتی، بێنێتەدی و تواڕادەیەکی زۆرباش پەیامەکانی بگەیەنێت و تایبەت سەرکەوتووبێت و جێگادەستی دیار بێت، بۆیە لەلایەن هاووڵاتیانی کوردستان ناسناوی ئەندازیاری ئاوەدانی و دەوڵەتداری پێبەخشرا لە جوانکردنی سەر و سیمای کوردستان بەشێوەیەکی زۆر شارستانی کە جێگا سەرنجی هەمووان بێت و لەم قۆناغەشدا شانبەشانی بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە هەنگاوی گەورەتر دەنێن بۆ ئاسایش و ئارامی و خوشگوزرانی و دوورکەوتنەوە لە گرژی و ناکۆکییەکان و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان پلانی درێژخایەنیان لەبەردەستە لەگەڵ هەوڵەکانی چاکسازی و گەڕانەوەی دادپەروەری وسەروەری بۆ مووچەخۆران و باشترکردنی بژێوی ژیانیان.

هەموو ئەمانەش لە خۆڕانین، مامۆستا و ڕێنیشاندەری نەبێت کە ئەویش سەرۆک بارزانییە وەک مامۆستا و باوک پەروەردەیەکی جوانیی نیشتمانی و نەتەوەییانەی کردووە کە بۆ داهاتووی کوردستان کلیلی چارەسەرکردنەکان بێت و هەر ئەم سەرکەوتنە و متمانە بەخشینەی سەرۆک بارزانی بوو لە شوێنی خۆیدا کاندیدی بکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، باشترین بەڵگەش هەموو ئەو ئابلووقە سیاسی و سەربازی و ئابووریانەی کە لە دەرئەنجامی 16ی ئۆکتوبەری ڕەش هاتەگۆڕێ و لێزانانە توانی وەک فریادڕەسێک بۆ کورد و بەکارهێنانی پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان هەموو بەربەستەکانی بەردەم کورد و تەسکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم بەرانبەر حەشد و چەند لایەنی عێراقی و پێشێلکردنی دەستوور هەمویان تێکبشکێنێ و کوردستان بەرەو کەناری ئارامی بەرێت و لەم هەنگاوەی ئەم چەند ڕۆژی چوونی بۆ بەغدا ئاسۆیەکی ڕوون دەبینرێت بۆ کوردستان.



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پرۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی دەرەکی و ناوخۆی پەسەند کرد



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە میانی دانیشتنی دوێنێ چوارشەممەیدا، بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجەی ئەمساڵ، بە زۆرینەی دەنگی 168ئەندامی ئامادەبوو، پرۆژەیاسای قەرزی دەرەکی و ناوخۆی پەسەند کرد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستکەوتوون، ئەنجوومەنی نوێنەرانی لە میانی دانیشتنەکەی دوێنێیدا لە کۆی 329ئەندام، 168یان ئامادەبوون، پرۆژەیاسای قەرزی دەرەکی و ناوخۆی خستە دەنگدانەوە. بە گوتەی سەرچاوەکە لە میانی دانیشتنەکەدا بە زۆرینەی دەنگی ئەو 168ئەندامەی کە لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوون، پرۆژەیاسای قەرزی دەرەکی و ناوخۆ پەسەندکراوە.

پێشتر حکوومەتی عێراق بە ئامانجی وەرگرتنی قەرزی دەرەکی بە پێنج ملیار دۆلار و بەردەوامە و تابێت لە عێراقدا هیچ فەرمانبەرێکی دوو مووچە بمێنێت.

سەبارەت بە پەتای جیهانی کۆرۆناش؟ ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە سەرۆک وەزیران، وەزیری تەندروستی، حەسەن تەمیمی دەستنیشانەڵا کردووە، لەوەی چی پێویستە بیکات بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەو پەتایە. باسیشی لەوەکرد ?کە عێراق لە ئێماراتەوە بڕێک یارمەتی و کۆمەکی پزیشکی بۆ دابینکراوە.

قەرزی ناوخۆ بە 15ملیار دینار بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجەی گشتیی ئەمساڵ، پرۆژە یاسایەکی پێشکەش کردبوو. حکوومەتی عێراق هەوڵدەدات بە وەرگرتنی ئەو قەرزانە، مووچەی فەرمانبەران و خەرجییەکانی بەکاربردن دابین بکات و کورتهێنانی بوودجەی گشتیی ئەمساڵیشی پێ چارەسەر بکات.

چاوەڕوان دەکرێت، بوودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020?بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕووبەڕووی کورتهێنان ببێتەوە. ئەوەیش لە کاتێکدا بوودجەی گشتیی عێراق بەڕێژەی 95لەسەدا پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت.

د.فوئاد حسێن: هاوسەنگی لە پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکا و سعودیە و ئێران دروست دەکەینەوە



خەبات: مەریوان نەقشبەندی

د.فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بە نیازە هاوسەنگی لەپەیوەندییە دبلۆماسییەکانی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و ئەمەریکا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم دوو وڵات کەسەردانی دەکات سعودیە و ئێران دەبێت و لەمانگی داهاتووش سەرەک وەزیرانی عێراق مستەفا کازمی یەکەم سەردانی دەرەوەی بۆ ئەمەریکا ئەنجام دەدات.

لەمیانەی دیدارێکی لەگەڵ نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەعێراق (جینین بلاسخارت) د.فوئاد حسێن گوتی: هەروەک پێشتر ڕایگەیاندبوو لەبەرنامەی کاری حکوومەتی مستەفا کازمیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەکە لە ئەمەریکا و ئێران و سعودیە و وڵاتانی ناوچەکە بەگشتی هاوسەنگ و ڕێکبخاتەوە بەجۆرێک ئەم دەوڵەتانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزگرتن لەسەروەری عێراق مامەڵە بکەن.

سەبارەت بەکێشەکانی هەولێر و بەغداشەوە هەریەک لە فوئاد حسێن و بلاسخارت هیوایان خواست چارەسەری بنچینەیی و لەسەر بنەمای دەستوری عێراق لەنێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێتە ئاراوە و ئەم شاندەی حکوومەتی هەرێم کەئێستا لەبەغدایە بتوانێت وردەکاریەکانی بناغەی ڕێککەوتنەکە دابڕێژن کە مادەی 140ی دەستور و کێشەی نەوت و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان گرنگترین ئەو بابەتانەن کەئێستا شاندەکەی حکوومەتی هەرێم دەیەوێ لەگەڵ حکوومەتی مستەفا کازمی یەکلای بکەنەوە.

وتەبێژی سەرۆک وەزیران: تەنیا لە یەک وەزارەت 18هەزار مووچەخۆری دوو مووچە هەن



ئەحمەد مەلا تەلاّل وتەبێژی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕایگەیاند، تەنیا لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقدا هەشدە هەزار مووچەخۆری دوو مووچە هەن. دوێنێ لە پرێس کۆنفرانسی هەفتانەیدا، ئەحمەد مەلا تەلاّل ئاشکرایکرد، کە دوو مووچەیی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەیە و لێژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون پێکهێنراوە و تا ئێستا دڵنیا بووینەتەوە، لەوەی پێنج هەزار دوو مووچەیی هەبووە و بەدواداچوون

ئەمەریکا.. لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ویلایەتی کنتاکیدا جۆ بایدن سەرکەوت

دیموکراتەکانی ئەمەریکا لە ویلایەتەکانی نیویۆرک، کنتاکی و ڤێرجینیا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان. بەهۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کەسانێکی زۆر لەڕێی پۆستەوە دەنگەکانیان نارد. بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی APبەپێی ئەنجامە نافەرمییەکان، جۆ بایدن سەدا 54ی دەنگەکانی ویلایەتی کنتاکی بەدەستهێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ویلایەتەکانی نیویۆرک و ڤێرجینیا کەسانێکی زۆر لەڕێی پۆستەوە دەنگیان داوە، ئەنجامەکان درەنگتر ڕادەگەیەندرێن. لە لایەکی دیکەشەوە هەریەکە لە چارلیس بووکەر و ئەمیی ماکگارز ڕکابەری سیناتۆری ویلایەتی کنتاکی، میچ ماککۆنێڵ دەکەن بۆ کاندیدێتی ئەنجوومەنی پیران لەسەر پشکی پارتی دیموکرات. واش چاوەڕوان دەکرێت لە 17ی ئابدا، پارتی دیموکرات بەشێوەیەکی فەرمی کاندیدی خۆی بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا ڕابگەیەنێت. لەبەرامبەریشدا پارتی کۆمار لە کۆنگرەی 24 تا 27ی ئابدا، دۆناڵد ترەمپ وەک کاندیدی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا ڕادەگەیەنێت.

جێی باسە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەو وڵاتە لە سێی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا ئەنجامدەدرێن و بڕاوەی هەڵبژاردن لە 20ی کانوونی دووەمی 2021دا وەک سەرۆکی نوێی ئەمەریکا لە کۆشکی سپی دەستبەکاردەبێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان چەتری ئاشتی و دڵنیاییە بۆ خەڵک



فەزیلە شۆڕش - هۆڵەندا

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پێویستییەکی سەردەمیانەو خۆڕسک لە هەناوی خەڵکدا بەبیری نەتەوەیی لەدایکبوو و بۆ خزمەتی خەڵک هاتە گۆڕەپانی کارکردن و مانەوەی تا ئێستاشی کە بە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی لە هەرێم و عێراق ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە کۆنترین حزبە لەسەر ئاستی ناوچەکەش بەهەمان گڕوتینی لاوێتی بەردەوامەو بەهەمیشەییش بەخوێنی تازەو هاتنە پێشەوەی لاو و گەنجانی ولات لە کوردِ و کچان بەهەڵگری مەشخەڵی ڕێبازەکەیان و بەدرێژایی میژووی پڕ سەروەری و قوربانیدانی لەهەموو قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە نوێ بوونەوەدایە.

پارتی لەسەرەتاوە بەڕابەرایەتی باوکی ڕۆحی کورد مستەفا بارزانی و ئێستاش بە ڕابەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی لە سۆنگەی ئاشتی و پێکەوەژیان دژی هەموو شێوەکانی دووبەرەکی و ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانە، لەپێناو کوردستانێکی ئازاد و ئارامیشدا ڕێز لە هەموو هەوڵ و کۆششێکی ئاشتیخوازانە دەگرێت و هەوڵی جدی دەدات بۆ چارەسەری کێشەکان بەزمانی دیالۆگ و ئاشتیانە.

پارتی هەوڵەکانی چڕەکاتەوە بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان و چین و تۆێژەکانی نیشتمان، لەوپێناوەشدا زۆر لە مافەکانی خۆی بەخشیوە بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی کورد پارێزراو بن، لە مێژووی ڕابردووشدا زۆر نمونەی جوانمان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی یەکەم پەرلەمان و کابینەی حکوومەت بەئێستاشەوە زۆر بەدڵێکی گەورە و خۆ بەلێپرسراوزان بەرامبەر خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی گەلەکەمان دەسکەوتەکانی خەڵک، دڵنیایی بەخشیوەتە خەڵک، سەرۆک بارزانی وەک پێشمەرگە لەسەنگەر بووە بۆ پارستن و ئارامی و ئاسایش و هەروەها کاک ئیدریس بارزانی هەمێشە لەیاد کەسایەتێکی ئاشتیخواز و ئەندازیاری ئاشتی بوو، توانی سەرکەوتووانە لەپێکهێنانی



بەرەی کوردستانی کە بەرهەمەکەی ئازادی کوردستان و ڕزگاربوون لە زوڵم و زۆرداری بەعس بوو. کوردستان بەرەو ئاقارێکی دڵنیایی بەرنەوە بەوەی جارێکی تر کورد دەستی نەچێتە خوێنی یەکتر و وەک برا ئاراستەی تفەنگەکانیان ڕووبەڕووی دوژمن بکەن.

پاش ڕاپەڕینیش لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەی شەهید و جینۆسایدو کیماباران و ئەنفالکردن و ئاوارەبوونی هەزارەها کورد، کە ئەم کارەساتانە قەد لەبیر ناکرێن و زامێکی سارێژ نەکراون، پارتی هەوڵی دا فەرهەنگی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لەنێو ڕۆڵەکان و کوردستاندا قوواڵتر بکات و لەهەمان کاتیشدا جینۆسایدکردنی کورد بەهەموو جیهان بناسێنێ و لەناو هەرێمیش بێبەتە ستوونێکی بەهێزی حکوومەتی هەرێم لەچەسپاندنی ستراتیژیەتی پاراستنی کوردستان و پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی .

بەخشینی خەڵاتی ئاشتی بە سەرۆک مسعود بارزانی لە 18/3/2012لەچوارچێوەی "کۆنفراسی بەجیهان ناساندنی جینۆساید کردنی کورد- زانکۆی ئەمەریکا"، جەخت کردنە لەسەر کەسایەتی جیهانی و ئاشتیخوازی سەرۆک بارزانی و ڕۆڵە گرنگەکەی لە چەسپاندنی ئاشتی و پێکەوەژیان لەکوردستان و عێراق. هەروەها هەوڵی بەردەوامی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتی و سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی و هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، تا گەلی کوردستان بتوانێ بە ڕێگای ئاشتییانە دەنگ و ویستی خۆی بە جیهان بگەیێنێت، بڕیارە مەزنەکەی 7ی حوزەیرانی 2017بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی کە بەکۆدەنگی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر ڕیفراندۆم درا.

کەواتە ئەوانەی هەوڵی نیشتمانفرۆشی و ئالۆزکردنی ڕەوشی سیاسیی کوردستان دەدەن بەهەر چ بیانوویەک بێت و ناکۆکی و گرفتەکان لەنێوان ڕۆڵەکان قوواڵتر دەکەن و بێ ئیشەکانیشیان لە ڕێگای تۆزە کۆمەڵایەتییەکانیان کار لەسەر بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەو نەزانی کات دەبەنەسەر، دەبێ بزانن کەپارتی چەتری ئاشتیی و دڵنیاییە بۆ خەڵکی کوردستان، خەڵک دڵنیایە لەوەی کەپارتی درێغی ناکات لە خەمخۆری بۆ میللەتەکەی، بەڵکو هەنگاوەکانی بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی نیشانەی حیکمەتی و دووربینی و خەمخۆریەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و چەسپاندنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بەداخەوە کە ئازارەکانی ڕۆڵەکانمان لەم شوێنانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت. با بۆ دۆزمنان زیاتر ڕوون بێت تا پارتی ماوە کورد بەپیلانگێڕی و ناپاکی لەناونەچووە و ناچێت، بەپێچەوانەوە خەونی گلاوی دوژمنان لەبار دەچێت، کورد لەژێر چەتری پارتی بە دڵنیایی و گەشبینی لە کوردستانێکی سەقامگیردا دەژێت.

کۆریای باکوور "پلانی کارە سەربازییەکان"ی لە بەرامبەر کۆریای باشوور ڕاگرت

ئاژانسی هەواڵیی Yonhapلە ئاژانسی هەواڵیی ناوەندی کۆریای باکوور KCNAەوە بڵاوی کردەوە کە لە کۆبوونەوەی ئامادەکاری لیژنەی سەربازی ناوەندی کە بە سەرۆکایەتی سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ-ئون لە ڕێگای ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە ئەنجام درا بڕیار درا پلانی کاری سەربازی ئەو وڵاتە بەرامبەر کۆریای باشوور ڕابگیرێت. ئامانجە بەوە دراوە کە لە کۆبوونەوەکەدا، تاوتوێی زۆر بابەتی گرنگی سیاسەتی سەربازی کراوە.

لە هەواڵەکەدا ئامانجە بەوە نەدراوە کە هۆکاری ڕاگرتنی پلانی کاری سەربازی بۆچی دەگەڕێتەوە. جێی باسە لە 13ی حوزەیرانی ڕابردوودا، کیم یۆ جۆنگ خوشکی کیم جۆنگ-ئون ڕایگەیاندبوو کە سوپای ڕاسپاردووە بۆ "پلاندانان و هەنگاونانی پێویست" بەرامبەر کۆریای باشوور و هەڕەشەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە سیئۆل کرد.

ئۆباما هاوکاریی (جۆ بایدن)ی کردووە لە کۆکردنەوەی هاوکاریی بە بڕی حەوت ملیۆن و 600 هەزار دۆلار



سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباما هاوکاریی کۆکردنەوەی حەوت ملیۆن و 600هەزار دۆلاری بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی 2020ی تاکە بەربژێری دیموکراتەکان، جۆ بایدن لە زیاتر لە 175هەزار کەس کردووە. باراک ئۆباما لە یەکەم بانگەوازیدا بۆ کۆکردنەوەی هاوکارییەکان لەڕێگەی ئۆنلاینەوە بۆ جۆ بایدن ئامانجی بەوەکردبوو، هیچ کەسێک نییە لە بایدن زیاتر متمانەی پێی بێت بۆ چاککردنی ئەمەریکا.

ئۆباما داوای لە بینەرانی بانگەوازەکە کرد، پشتیوانیی هەڵمەتەکەی بایدن بکەن و جەختی لەوەکردەوە، ئەوەی تا ئەمڕۆ کراوە لە ئاستی پێویستدا نییە. بایدن ڕایگەیاندبوو لە میانی هەڵمەتی ئۆنلاینی کۆکردنەوەی هاوکارییەکاندا، حەوت ملیۆن و 600هەزار دۆلاریان لە زیاتر لە 175هەزار کەسی کۆمەکبەخش، کۆکردووەتەوە. چالاکییەکە بووە نمونەیەکی گرنگ لە توانای هاوکاریکردنی جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، جۆ بایدن لەلایەن ئۆباماوە لەڕێگەی بەکارهێنانی ناوبانگی خۆیەوە.

دیموکراتەکان پێیان وایە، خۆشویستنی ئۆباما لەنێو ڕەشپێستان و لاواندا لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆنالد ترەمپ و پشتیوانییکردن لە بایدن لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی وزەی هەڵمەتەکە. لە هەفتەی سێیەمی مانگی ئابدا، دیموکراتەکان لە شاری میلواوکی سەربە ویلایەتی ویسکۆنسین، بە فەرمیی بەربژێریان بۆ سەرۆکایەتیی لە هەڵبژاردنەکانی 2020ی ولاتەکەیان دەستنیشان دەکەن. هاوکات لە کۆنگرەی کۆماریخوازەکاندا کە بڕیارە لە ڕۆژانی نێوان 24تا 27ی ئاب ئەنجامبدرێت، سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ وەک بەربژێری کۆماریخوازەکان دەستنیشان بکرێت.

پەیمانگەیەکی ئەمەریکی بەغدای لە مەترسییەکی گەورە ئاگادار کردەوە

تیرۆریستانی داعش خۆیان ڕێک ستووەتەوە و مەترسیین بۆ سەر داهاتووی عێراق



دوێنێ چوارشەممە پەیمانگەیەکی ناوداری ئەمەریکا حکوومەتی بەغدای لە مەترسییەکی گەورە ئاگادار کردەوە و ئاشکرای کرد کە چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش خۆیان ڕێک خستووەتەوە و مەترسیین بۆ سەر داهاتووی وڵاتەکە.

پەیمانگەی گلۆبال پۆڵایەسی ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسایشی لە ڕاپۆرتێکی نوێدا باسی لە چالاکییە چەکدارییەکانی ئەم دواییەی داعش کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە لەسەر سنووری نێوان عێراق و سووریادا خۆیان کۆکردووەتەوە و بە شێوەیەکی بەردەوامیش دزە دەکەنە هەردوو سنوور و هێرشی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ دوای ئەوەی داعش لە موسڵ و ڕەقە شکستی هێنا، خۆیان لە ناوچەیەکی سنووری دووری نێوان عێراق و سووریادا کۆ کردووەتەوە و دەبێ ئەم ناوچەیەیان لێ پاک بکرێتەوە، دەنا وەکو هەڕەشە و مەترسییەکی بەردەوام لەسەر عێراق و سووریا دەمێننەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە لەوەتەی ساڵی 2017وە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق ئاهەنگی سەرکەوتن بەسەر داعشی گێڕا، کەچی تا ئێستا داعش لە زۆربەی ناوچەکانی سنووری پارێزگاکانی دیالە، کەرکووک و سەڵاحەدین و ئەنبار ماونەتەوە، بەردەوام هێرشی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.




تویتەر هەشتاگی "هەڵسوکەوتی خراپ"ی بۆ تویتێکی ترەمپ دانا

تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر هەشتاگی "هەڵسوکەوتی خراپ"ی بۆ تویتێکی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ دانا کە لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی شەوی ڕابردووی واشنتۆن دی سی'یەوە بڵاوی کردەوە، بەمەبەش بینینی تویتەکەی سنووردار کرد.

ماوەیەکە گڕژییەکانی نێوان ترەمپ و تویتەر سەریان هەڵداوە و تویتەر هەشتاگ بۆ تویتەکانی ترەمپ دادەنێت. ترەمپ لە تویتەکەیدا کاردانەوەی نیشان داوە بەرامبەر ئەو خۆپیشاندەرانەی شەوی ڕابردوو لە پارکی لافایەتتە لە بەردەم کۆشکی سپی گردبوونەوە و هەوڵیان دا پەیکەری سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا، ئاندریو جاکسۆن بڕووخێنن و داوای "ناوچەی خۆڕێبەری"یان دەکرد. ترەمپ لە تویتەکەیدا نووسیوویەتی "تاکو من سەرۆکتان بم، هەرگیز واشنتۆن دی سی نابێتە 'ناوچەیەکی خۆڕێبەری'. ئەگەر هەوڵی ئەوە بدرێت بە هێزێکی جددی بەڕەرچی دەدرێتەوە". دوای نزیکەی پێنج کاتژمێر لە بڵاوکردنەوەی تویتەکە تویتەر هەشتاگی "هەڵسوکەوتی خراپ"ی بۆ تویتەکەی ترەمپ دانا و بینینی تویتەکەی سنووردار کرد. لەمبارەیەوە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ئیدارەی ترەمپ هیچ لێدوانێکی نەداوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/25 ژمارە (5961)
خەبات

چاکسازی بۆ توانەوەی بەستەڵەکە لە نێوان جەماوەر و دەسەڵاتدا



شەنگە هاوارکاکەیی*

تەوزیفکردنی سیاسەتی زەبروزەنگ لەناوچە کوردستانییەکاندا لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، وای لە میللەتی کورد کرد کەوا هەردەم لە نشێویدا ببزوێ بۆ هەڵزراندنی ئەو داتاشینە یۆنیڤێرسالییەی کە بە سیمای کوورد بوون هەڵگەچراوە لە شێوەی یۆنیفۆرمێکی یەکگرەوە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو داتاشراوە وەکو بەربەست بەڵام! بە ئامراز و شێوەی جیاواز بەرجەستە بووە بەمەبەستی نەهاتنەدی ئامانجە نەتەوایەتییەکان و لە سازدان قەبوڵکردنێکی سەپێندراو و دوور لە بەهای ئینسانی و فەزیلەتە میژوویەکان و دوور لە قەوارە یاسایەکان و دوور لە مەعاییرە نێودەوڵەتییەکان کەوا دان بەمافی تاک و هاوڵاتیبووندا دەنێ، کە ئەم ئایدلیستانە لە بنەڕەتدا لە هەناوی بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا لەدایکبووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بڕچی لە ئاست دۆزی نەتەوایەتی، ناسیۆنالیستی کوردی کالبوتەوەو سڕکراوە کە لەڕاستییدا ئەم بنەمایانە ڕووی ڕاستەقینەو گەشی فەزای دیموکراتیەتە. بۆیە لەم بەرجەستەبوونە بێ ڕەحمانەدا خەون بینین بەچاوکراوەیی بە فریادڕەسێک بۆ دەربازبوون لەم دۆخە سەپێندراوەدا ئاساییبوونێکی بەخۆیەوە بینیوە لە ڕەهایەت، لە موتلەق و لە عمومیەت. لەم هەورازو نشێوانەی دونیای سیاسەت بەمەرامی گەیشتن بۆ دونیای ئەرخەوانی خەون بینینی تاکی کوردی کە هەمیشە خەون و هەمیشە خولیای ڕزگارکەرەوەی هەبووە، تا سالّی نەوەتەکان بۆ لەدایکبوونێکی تازە بۆ هاتنی فریادڕەسێکی بونیادنانەوەی بۆ مالّی کوردی، وە کە ڕاپەڕین کرا و شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئازاد کران خەونی کوردی لە شانۆنامەی کوردی لەتۆخبوونەوەدا گەشەی کرد بەتایبەت لە ڕووبەری جەماوەردا.

ئەوەی چاوەڕوانکراو بوو لە لێواری قوربانیدان و هەیبەتی ڕەجالّی ئەم حەقیقەتە ببێتە مارکێتی هیواو ئومێدو هیوامان پێ بفرۆشێ ببێتە پردی پەڕینەوەی خۆزگەو خولیای هەموو خوێنێکی کوردی و هەموو لێدانێکی دڵی تاکی کوردی، کە بە دڕێژایی میژوو خەباتی بزاڤی نەتەوەیی گەلەکەمان کە بەردەوام تێنوو و تامەزرۆی ڕاستەقینەی ئاشتی و ئازادی دیموکراسیت بووە. وە بەمەبەستی هاتنەدی ئەم ئامانجە نەتەوەییانەو بۆ دونیایەکی ئارامتر بەبێ زەبر و زەنگ.

هەڵبەتە پەلکێشراوە بۆ شۆڕبوونەوە بۆ زاخاوی ناسینی دونیای شۆڕشگێڕانی بزاوتی ناسیۆنالیزمی کوردی باشترین هەڵی زێڕین بوو بۆ هاتنە کایەی ئەم فەزا کاڵەی دیموکراتییەتەی دونیای ناسیۆنالیستی. بەتایبەت پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری **1991**و بالکێشان بۆ فەزای بەختەوەرییەکانی ئەم دونیایە، کەچی زۆری نەبرد هەموو خەون و خولیاکان هەڵتەکێندران ئەمەش بەهۆی پەرش و بڵاوی هەنگاوەکان و مۆئامەرە ئیقلیمییەکان و لەبەرپابوونی پەتای گەندەڵی و خۆشویستنی پلەوپایەو پۆست لەسەر حیسابی کوشتنی خەونی تاکی کوردی کە لەبێ ئومێدیدا بەشێکیان سەریانهەڵگرت بەرەو تاراوگە و لەڕێگادا بوونە خۆراکی نەهەنگ و ماسی ژۆقیانووسەکان.

ئەم دەرهاوێشتە نەڕێنییانە لە دواجار پێمان دەڵێ کەوا هەرشە بۆ لەناوچوونی سەکۆی دیموکراتیەت لەکوردستانی باشوور لەئارادایە، ڕاستە هەڵە بووین کاتێک دەسەڵاتی کوردی بەسەرجەم ڕەنگەکانی لە قۆناغێک لەقۆناغەکان پەلیان بۆ تەماحەکان برد و تاکیان دوورخستەوە لەپرۆسیسی وەلای نیشتمانی و لەهەڵگرتنی ئەرکی بونیادنانەوەی بەرپرسیارەتی لەهەموو پرنسیبە گرنگەکانی بەردەوامیەت و نوێبوونەوە، بەڵام ئەم کالبوونەوە زۆری نەخایاند، بۆیە کە دەست بە پێداچوونەوە کراوە ئەمڕۆ، دەبێ هەستیارانە خوێندنەوە بۆ ئالنکارییەکان بکەین، بۆ هاتنەدی ئەو فەزا ئارامەو کە ناکرێ لەم قۆناغەدا نەنگییە چیتر چاوەڕوانی فریادڕەس بین و وەرچەرخانی سەردەتای ئەم دەستپێکە بۆ چەقاندنی ئەم سەرحە کوردییە، هەڵبەتە بەمالئاوایکردن لە قۆناغی هەرزەکاری دەستپێدەکا.

بەڵێ دەسەڵاتی کوردی لە ماوەی سی ساڵی ئەزموونی ڕابردووی هەرزەکارانە پڕاببوو لە سەرجەم پنتە بونیادنەرەکان لەژێر گوشاری قۆرغکاری دەینالاند و لە سڕبوونەوەدو پەکخستنی ژێرخانی ئابووری لە وڵات و لە کوشتنی پرۆژە ستراتیژییەکان و لە تەخشان و پەخشانی داهاتی گشتی. ئێستا هەموو دەنگە قۆرغکارەکان دەستیان گەرم بوو لە دارشتنی پلانی ستراتیژ و لە بەڕێوەبردنی سێکتەرە گرنگەکان و ئێستاش کە پێمان ناوەتە قۆناغی چاکسازییەوە ، مەبەست و مەرامی هەمیشەیی لەپشتە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی خوودە، لە جەنگێکی ڕاستەقینە، ئەم هەڵتەکاندنە بەسایەی سیاسەتی چاکسازی بونیادنەر و ڕاستەقینە نەبێ ئامانجی ناپێکێ. نابێ چاکسازی تەنها لەسەرئاستی دەسەڵات وەریبگرین کە بە قۆناغی هەرزەکاری تێپەڕبووە بێ گەڕانەوە و سەیرکردنی ئاوێنەی خودی خۆمان لەسەر ئاستی تاک. تاک ئێندیڤیجوەلێش ئەم هەنگاوەمان ناوە، ئێمەش فریشتە نەبووینە لە دۆستایەتی بۆ گەلی عەرەب و موجامەلەکردنێکی ڕادەربەدەر کە بەرمالّی هاوبەشبوونمان قەبوولکردووە لەزۆر ستراکتۆری مەعنەویی و کۆمەڵایەتیدا ئەگەر وێنەی بڕایانی ئێزیدی بێنینە بەرچاوان لە نەریتی جل پۆشینی عەرەبیانەو دشداشەی سپی و عەگالّی ڕەشی عەرەبی لەخۆمان دەپرسین ئەرێ بە ڕاست ئەم موجامەلەکردنە تاچەند لە جێگای خۆی بووە کەچەندین جار ئێزیدییەکان دووچاری سڕینەوە بوونە بەدەست دوژمنەکانیان؟

ڕامانت هەڵدەتەکێ بۆ ئەو خۆشەویستییە بن سێبەرە کە نەیتوانی بە نەپۆشینی پۆشاکی باپیرانمانیش ئەو حیقدو ئیرەییە لەناوببات. بەم کالبوونەش نەیتوانی ئاشتەواییەکی ڕاستەقینە بونیاد بنێ لە ڕوح و لە خوێن و لەجەستەی ناسیۆنالیستی فاشییەتی عەرەبی هەر بەدەستی ئەم دیشداشە سپیانە ئەنفال و سەبی کران. ئەوەی ماوە بیلێم پەتای گەندەڵی وێرانەیەکی ڕاستەقینەیە و نابێ لەئاستیدا تاک بێ دەنگی بنوێنێ، ئەمڕۆ سەرۆک وەزیران بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی لە هەوڵی توانەوەی ئەو بەستەڵەکەدایە بۆ نەخشەڕێگەیەکی شەفاف و ستراتیژیکی دوورمەودا چوونکە بەستەڵەکەو دەبێ بتوێتەوە، بۆ پەڕینەوەش لەسەر پردی ئاوات بۆ گەیشتن بەعەشقێکی ڕاستەقینەی وڵات بۆ ئاو و هەواو خاک بۆ ئاشتەواییەکی یەکجاری. چوونکە ئەم دیدگا تازانە بۆ هەڵتەکاندنی ئەم بەربەستانەیە بۆ ڕێگا و ڕوئیایەکی سیاسیی موودحەد لە نێوان جەماوەر و دەسەڵات دایە، بۆ گەڕانەوەی متمانەی نیشتمانییە کە بەهۆی کاریگەریی بەڕێکردنی قۆناغی هەرزەکاری سیاسییە کە لەدەستماندارە. چاکسازی و پاکسازی ڕەهەندێکی نیشتیمانییەو هەنگاوێکە بۆ کالبوونەوەی ئاسەواری پەتای گەندەڵی و پەتای سیاسەتی تەبعیس و تەعریب کە لەناواخنی ناخی تاکی کوردیدا ڕەگ و ڕیشەی بە نەڕێنی بوون قایم بووەو سایکۆلۆژیەتی نیشتیمانیشی شێواندووە، بەکارابوونی ئەم هەنگاوە کردارییانە لە گۆڕینی دیموگرافیای ئەم ناوچە کوردیانە لە تەعریب و زەوتکردنی خانووبەرە و ئەرزە کشتوکاڵییەکان وێڕای پرۆسەی ئەنفال و کیمابارانو و تەرحیل و جینوسایدکردن کە ڕووکاری کارمایی سیاسەتێکی دڕێژەپێدەرە بۆ توانەوەی ئەم هەموو بەستەڵەکانە لەم ئەتمۆسفیرەدا دەبێ چاکساز و پاکساز بین.

*** ماستەر لەیاسای گشتی / زانکۆی حیکمە بەیروت**

پەرەنسیپێک کە بەردەوام پێشێل دەکرێت

مەریوان نەقشبەندی

یەکێک لەو پرەنسیپانەی مافی مرۆڤ کە بەردەوام لەلایەن چەند ڕۆژنامەنووس و کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە و لەم ساڵانەی دواییشدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێشێل دەکرێت مەسەلەی شکاندنی کەسایەتییە مەعنەوییەکان و ئاینە ئاسمانییەکانە، زۆرجار دەبینین و دەبیستین کەوا فلان مامۆستای ئاینی و فلان مەلای مزگەوت و فیسار قەشە و ئەو کەسایەتی موسڵمان و ئەم کەسایەتی مەسیحی یان یەهودی تاوانی گەندەڵی یاخود تاوانێکی جینائی یاخود بەدڕەوشتیەکی کردووە، زۆرجاریش ئێزیدیەکان و سابیئەی مەندائی و کاکەییەکان و زەردەشتییەکان و تەنانەت مەزهەبەکانی شیعە و سوننەش لەڕێگای ئەم جۆرە هەواڵانەوە دەکرێنە ئامانج کە دەرئەنجام بۆ کەمکردنەوە لەپیرۆزیی کەسایەتییە مەعنەوییەکان و ئاینە جۆراوجۆرەکانە و ئەمەش خۆی لەخۆیدا تاوانێکە دژی مافەکانی مرۆڤ و پیرۆزییەکانی مرۆڤ لەهەر ئاین و مەزهەبێک بێت، بۆیە داوا لەهەموو ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووسانی هاوپێشم دەکەم داوا لەچالاکوان و بەشداربووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم، لەم مەسەلەیەدا زیاتر وردبین بن و بابەت و پۆست و هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیان لەسەر کەسێک کە تاوانێک یاخود بەدڕەوشتییەکی کردوە لەسەر پێکهاتە و ئاین و کەسایەتییە مەعنەوییەکان حساب نەکەن و باشترواید کەنالەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر کاربۆ یەکتر نزیککردنەوە و پێکەوەژیانی ئاین و مەزهەب و نەتەوەکان بکەن نەک هەوڵی ناشرینکردنی ئاینێک یان تویژێکی کۆمەڵایەتی تەنها لەبەر ئەوەی مەلایەک یان قەشەیەک یان کەسێک لەهەر چین و تویژێکی ئاینی و مەزهەبی کە کردەوەیەکی خراپی کردوە و پێویستە ئەو کردەوە خراپە تەنها لەسەر شەخسەکە حساب بکرێت نەک ئاین و مەزهەبەکەی.ئینجا ئەم بابەتە بۆ کەسایەتیە سیاسیەکانیش هەر وەهایە و دەبو کاتێک سیاسیەک یان کادیری یەکێک لەحزبە سیاسیەکان هەڵمەیەک دەکات ،ئەم هەڵمەیە تەنها لەسەر شەخسەکە حساب بکرێت نەک لەسەر حزبەکەی ،هیوادارم ئەم خوی یەکترشکاندن و جوێنداناەی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاستێکی بۆ دابنرێ و هەرکەس لەلای خۆیەوە دەرک بەو ڕاستیە بکات کە ئەم پرۆسەی یەکترشکاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەرەنجام بەنائومێدی و کارەساتی پەروەردەیی کۆمەڵگە کۆتایی دێت و من وەکو بۆمبڕێژکردنی ڕێگای نەوەی دواڕۆژی میللەتەکەمان سەیری دەکەم.

لە عێراق 79کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لە دەست دا

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا **2200**حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند. وەزارەتی تەندروستی عێراق لە بەیاننامەیەکەیدا ڕایگەیاندووە، لە **24**کاتژمێردا **2200**حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری عێراق تۆمارکراوە و **1061**کەسیش چاکبوونەتەوە، **79**کەسیش گیانیان لە دەستداوە و کۆی گشتی تووشبووانیش گەیشتە **36**هەزار و **702**کەس.

هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوو، کە لە کۆی گشتی تووشبوونی ئەم ڤایرۆسە **16**هەزار و **814**کەس چاکبوونەتەوە و هەزار و **1330** کەسیش گیانیان لە دەستداوە.





ئێران سەبارەت بە بڕیاری حەجی ئەمساڵ ڕەخنە لە سعوودیە دەگرێت

ڕێکخراوی حەج و زیارەتی ئێران ڕەخنەی لە مامەڵەکردنی حکوومەتی سعوودیە لەگەڵ دۆسیەی ئەنجامدانی فەریزەی حەجی ئەمساڵ لە سایەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گرت و ڕایگەیاند کە سعوویە سەبارەت بە ئەنجامدانی فەریزەی حەجی ئەمساڵ، بڕیارێکی گونجاوی نەداوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە مالپەڕی کەنالی (ئەلعالەم) بڵاوی کردووەتەوە، ڕێکخراوی حەج و زیارەتی ئێران ئاماژەی بەوە داوە کە پشت بەستن بەو بڕیارەی کە سعوودیە سەبارەت بە ئەنجامدانی فەریزەی حەج بۆ ئەمساڵ دەریکردووە، بڕیارەکە تەنها دانیشتوانی سعوودیە دەگرێتەوە، هاوڵاتیبانی ئێران و هاوڵاتیبانی وڵاتانی دیکە ناتوانن فەریزەی حەج لەمساڵدا ئەنجام بدەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: پێشبینی دەکرا حکوومەتی سعوودیە بە ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی دیکەدا، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاوی بدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە ئێستا هەموو جیهانی تووشی سەرلێشێواویی کردووە. تا ئێستا حکوومەتی سعوودیە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەوبارەیەوە بڵاونەکردووەتەوە.

جێی باسە ڕۆژی سێشەممە حکوومەتی سعوودیە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای، ڕێوشوێنەکانی بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج لەمساڵدا سنووردرا کرد ڕایگەیاندبوو، تەنها ئەو کەسانەی کە نیشتەجێی سعوودیەن، ڕێگەیان پێدراوە لەمساڵدا، فەریزەی حەج ئەنجام بدەن. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی سعوودیە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە ساڵی ڕابردوو، فەریزەی حەجیان ئەنجام دابوو، گەیشتبووە دوو ملیۆن و **489**هەزار و **406** کەس. بەپێی دواینێ ئامارەکان تا ئێستا، **164**هەزار و **144** کەس لە سعوودیە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نوێ بوون و لەو ژمارەیەیش هەزار و **346**یان گیانیان لەدەستداوە و **109**هەزار و **885**ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق کوژرانی 12تیرۆریستی داعش ڕاگەیاند

گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، عەمید بەحیا ڕەسول ڕایگەیاند کە لە ئۆپەڕاسیۆنێکی هێزەکانی دژەتیرۆردا، **12** تیرۆریستی داعش لە سنووری قەزای مەخمور باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای نەینەوا کوژراون. لە ڕاگەیەندراوێکدا، عەمید بەحیا ڕەسول ئاشکرای کردووە، لەسەر فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بەرەبەیانی دوێنێ چوارشەمە، هێزەکانی دژەتیرۆر بە پالپشتی فڕۆکە جەنگییەکان و هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش ئۆپەڕاسیۆنێکیان بۆسەر تیرۆریستانی داعش لە چیای قەرەچوغ لە سنووری قەزای مەخمور ئەنجامداوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ئۆپەڕاسیۆنەکەدا، بەپشتبەستن بە زانیاریی هەواڵگرییەکان، **59**گوررزی ئاسمانی لە ئەشکەوت و حەشارگەکانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکەدا وەشێنەراوە. گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، عەمید بەحیا ڕەسول لە میانی ئۆپەڕاسیۆنەکەدا، **12** تیرۆریستی داعش کوژراون و ژمارەیەک حەشارگەیش خاپوورکراون.

عەمید بەحیا ڕەسول ڕاشیگەیاندووە، هێزە عێراقییەکان بەردەوام دەبن لە ئۆپەڕاسیۆنەکانیان بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش، تا ئەو کاتەی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە بەتەواوی بەرقەرار دەبێت.

پەنجا کۆمپانیای گەورەی بیانی لە هەرێمی کوردستان پڕۆژە ئەنجام دەدەن



سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان گوتی، کۆمپانیای زۆر زەبەلاح داوایان کردووە لە هەرێم کوردستان پڕۆژەی گەورە ئەنجام بدەن، کە بەشێکیان کۆمپانیای بیانین و دەشڵێ: ئێمە ئاسانکاریی تەواویان بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی سەردانی هەرێم بکەن و دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بکەن. د. محەمەد شوکری، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: کاروبارەکانی ئێمە زۆر بە باشی بەرێوە دەچن و کۆمپانیای زۆر گەورە داواکاری بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە پێشکەش دەکەن، کە دوێنێش ڤیدیۆ کۆنفرانسێکمان لەگەڵ ژووری بازرگانیی ئەمەریکا و نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە واشنتن و کۆمەڵێک وەبەرهێنەری ئەمەریکی هەبوو، بۆیە کاری زۆر باش لە هەرێمی کوردستان دەکرێت. شوکری گوتیشی: تا ئێستا 50 کۆمپانیای گەورە داواکاریان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی گەورە لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کردووە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێت. ناوبراو باسی لەوەش کرد: ئێمە سەرقاڵی ئاسانکارین بۆ کۆمپانیا بیانییەکان، بۆ ئەوەی کە هاتن کەرەنتینە بکرێن و ڕێکارەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی جێبەجێ بکەین، ڕەزامەندییشمان وەرگرتووە و بە ڕەچاوکردنی ڕێنمایی تەندروستی سەردانی هەرێم دەکەن و بە زووییش دەست بە ئەنجامدانی پڕۆژە دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر بە هۆی چاکسازییەوە 100ملیۆن دینار بۆ خەزێنەی گشتی دەگەڕێنێتەوە

لە ئەنجامی چاکسازییەک لە ماوەی سێ مانگدا، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بڕی 100ملیۆن دینار بۆ خەزێنەی گشتی دەگەڕێنێتەوە. دلێر نەجار، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند: بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تەنها لە یەک چاکسازیدا زیاتر لە 100ملیۆن دیناری بۆ خەزێنەی هەولێر گەڕاندەوە، چاکسازییەکە زیاتر پەیوەندیی بە سووتەمەنییەوە هەیە بە هەموو جۆرەکانییەوە و لە چوارچێوەی خەرجییە ناپێویستەکان کراوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر جەختی لە بەردەوامبوونی چاکسازی لە سەرجەم هۆبە و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە کردەوە، ڕاشیگەیاند ئەو داهاتەی لە ئەنجامدانی چاکسازی دەستیان دەکەوێت بۆ خەزێنەی گشتی دەگەڕێننەوە، سەرباری ئەوەی چەندان پێویستیی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دابین دەکات.

پارێزگەڕێ دهۆکێ دەستخۆشی ڕێڤەبەر و ئەفسەرێن پولیسان و پولیسێن هاتنوچونێ دکەت



دوهێ فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ سەر ڕێڤەبەریا پولیسێن دهۆکێ دا و ژلایێ لیوا تارق ئەحمەد ڕێڤەبەرێ فەرمانگەهێ و ڕێڤەبەرێ پولیسێن هاتنوچونێ و ئەفسەرێن هەردوو ڕێڤەبەریا پێشوازی لێ هاتەکرن. پاش رونشتن دگەل ڕێڤەبەر وپلەدارێن هەردوو ڕێڤەبەریال بەراهیێ، لیوا تارق بخێر هاتن و سوپاسیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر ل دور ئەو پشتەڤانی وهاریکاریا وی بو هەموو دەزگایێن ئێمناهیێ نەخاسمە بو ڕێڤەبەریێن پولیسا ل ڤان شەش سالێن دەربازبوی کری و ئەڤ پشتەڤانییە بویە هوکارێ پێشکەتنا کارێ دەزگایێن ئێمناهیێ سەرەرایی هەبونا چەندین قەیرانێن ئێک ل دوڤ ئێک .پاش پارێزگەرێ دهۆکێ بناڤێ کارگێریا پارێزگەهێ وخەلکێ پارێزگەهێ سوپاسی و دەستخوشی ل هەموو هێزێن ئێمناهیێ کر و گوت: سەربلندم کو ل شەش سالێن بوری مە هەڤرا کار و خزمەتکریە وئەم شیاینە ڕەوشا گشتی یا تەناهیا خەلکێ خو ب پارێزین. ل دوماهیێ داخاز ژهەموو لایەن وهێزێن ئێمناهیێ کر کو هەموو دگەل پارێزگەرێ نوو یێ پارێزگەها دهۆکێ دهاریکار و هەڤکارین بو خزمەتکرنا پاراستنا تەناهیا خەلکێ دەڤەرێ.

گوندی کەژەک... کێشەیەکی زەوی پێنج قوربانیی لێکەوتەوە



ڕەنجبەر بەرزنجی- سۆران: لێدوانێکی تایبەت بۆ خەبات ڕایگەیاند: دوای ئەوەی ئاگادارکراینەوە کە لە گوندی کەژەکی سەر بە شارۆچکەی سیدەکان لەسەر کێشەی زەویوزار شەڕ لە نێوان دوو بنەماڵە ڕوویداوە، دەستبەجێ بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە تیمێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران ڕەوانەی ناوچەکە کرا، هەروەها هەر بە ئامانجی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لەسەر فەرمانی قائیمقامی قەزای سۆرانیش ژمارەیەک هێزی سەربازی ڕەوانەی ناوچەکە کرا، بەڵام بەداخەوە بەر لە گەیشتنی لایەنە ئەمنییەکان و لە سەرەتای دڕووستبوونی شەڕەکە سێ کەس کوژران و دوو کەسی دیکەش بریندار کران و لەبەر سەختی بریندارەکانیش ڕەوانەی پارێزگای هەولێر کرا، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سۆران گوتیشی: لە ئێستادا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ کراوە و پێنج تۆمەتباریش لەسەر ئەو بابەتە دەستگیرکراون.

ئۆتۆمبێلێک کەوتە ناو دەربەندی ڕانیە



بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی ڕاپەڕین لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، ئۆتۆمبێلێکی لە جۆری نیسان پیکاب، کەوتە ناو دەربەندی ڕانیە. دوێنێ، بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی ڕاپەڕین، ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: کاتژمێر 8ی شەوی ڕابردوو دوو پێشمەرگە بۆ میوە خواردن چوونەتە نزیک دەربەندی ڕانیە، شۆفێرەکەی نەیزانیوە کە هاندبرێکی ئۆتۆمبێلەکەی کار ناکات، کە ئۆتۆمبێلەکەی لە جۆری نیسان پیکاب بوو، دوای ڕاگرتن و دابەزینی لە ئۆتۆمبێلەکەی، یەکسەر ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشتووە و کەوتووتە ناو دەربەندی ڕانیە، خۆشبەختانە زیانی گیانی نەبووە تەنیا ئۆتۆمبێلەکە زیانی بەرکەوتووە لە ڕاگەیاندراوەکەدا دەستخۆشی لە تیمی غەواسی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی ڕاپەڕین کراوە، کە توانیوانە ئۆتۆمبێلەکە لەنێو دەربەندی ڕانیە دەربهێنن. هاتوچۆی ڕاپەڕین داوا لە شۆفێران دەکات: زوو زوو پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلەکەیان بکەن بۆ دڵنیایی و سەلامەتیی خۆیان.

هەڵەبجە... بەهۆی نەبوونی کیتی پزیشکی پشکنینی کۆرۆنا ڕاگیرا



د. ئازاد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ بەهۆی نەبوونی کیتی پزیشکییەوە بڕیاری ڕاگرتنی پشکنینی کۆرۆنایان داوە و هەر کاتێک پێیان گەیشت دەست بە پشکنینەکان دەکەنەوە. داواشیان لە وەزارەتی تەندروستی و تەندروستیی سلێمانی کردووە کە کیتی پزیشکییان بۆ بنێرن، بەڵام وەک د. ئازاد دەڵێت، گوتوویانە نیمانە بتاندەینێ، بەهۆی پچڕانی گەشتەکانیش لەنێوان وڵاتان ناتوانرێت کیتی پزیشکی هاورده بکرێت. کێشەی نەبوونی کیتی پزیشکی تەنیا لە هەڵەبجە نییە، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەدات، لە هەولێر، سلێمانی و دهۆکیش هەمان کێشە هەیە و ڕەنگە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەو پارێزگایانەش نەمێنێت، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە.

لەبارەی ژمارەی تووشبووانیش لە هەڵەبجە، د. ئازاد مستەفا دەڵێت، ئێستا 50تووشبووی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەکانی هەڵەبجە ماون و چوار لەو تووشبووانەش تەندروستییان ناجێگیرە. بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە ئاشکرای کرد، بەداخەوە ژمارەی تووشبووان لە هەڵکشاندایە و ژمارەی ئەوانەیش بە سەختی دەیگرن زیاتر دەبێت. بەوەیش ژمارەی مردن زیاد دەبێت و ئەو خزمەتگوزارییە نوونەییەی پێویستە کارمەندانی تەندروستی پێشکەشی هاونیشتمانییانی بکەن، فەراهەم نابێت. د. ئازاد مستەفا باسی لەوە کرد، لە هەوڵی ئەوەدایین کێیت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بگاتە دەستمان و جەختی لەوەش کردەوە، پابەندنەبوونی هاونیشتمانییان وادەکات کە کۆرۆنا زەبرێکی کوشندەمان لێبدات.

لەبارەی نەبوونی کیتی پزیشکی د. محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، دەکرێت لە شارێک کیتی پزیشکی نەمێنێت، بەڵام ئەم ڕووداوانە بۆ چەند کاژێرێکە نەک چەند ڕۆژێک و لە شارێکی دیکەوە بۆی دەنێردرێت. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت، ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان دوو هەزار پشکنین دەکرێت. پێشتر تێچووی هەر پشکنینێک 100دۆلاری بوو و ئێستا کەمتر لە 50 دۆلارە.

سلێمانی... ئافرەتێک بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرکرا



لە سلێمانی ئافرەتێک بەتۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرکرا، لەگەڵ چوار کەسی دیکە کە تۆمەتبارن بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر. بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی ڕایگەیاند: لەدرێژەی هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ نەهێشتن و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ماوەی 15ڕۆژدا هێزەکانمان لە سنووری: چەمچەماڵ بم بازیان و شۆڕش پێنج کەسیان دەستگیرکرد. یەکێک لە تۆمەتبارەکان بەڕەگەز میسیە و بەپێی ڕاگەیەندراوەکە کرین و فرۆشتنی بە ماددەی هۆشبەرەوە کردووە. چوار کەسەکەی دیکەش بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن. پەڕاوێز لێکۆڵینەوە بۆ پێنج تۆمەتبارەکە کراوەتەوە و، بەفەرمانی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی چەمچەماڵ بەپێی ماددەی 14هۆشبەر ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لە دۆسییەکانیان بەردەوامە.

پرۆسەی تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەستپێدەکات

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان: 113 پڕۆژە هەن، کە ڕێژەی کارکردن تێیدا سفرە

ئەو وەبەرهێنەرەی کەمتەرخەم بووبێت زەوییەکەی لێ وەردەگرینەوە

خەبات- هەولێر:
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، د. محەمەد شوکری زێباری رایدەگەیەنێت، لەئێستادا کار لەسەر ئەوە دەکەن کە کرێی خزمەتگوزاری لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کەم بکەنەوە کە لە قازانجی هاوواڵاتیاندا بێت و باسی لەوەشکرد کە پرۆسەی تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەستپێدەکات.



د. محەمەد شوکری محەمەد سەعید سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان



سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، د. محەمەد شوکری زێباری لەم بارەیەوە گوتی: لە دوایین کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار دراوە کە پەلە بکرێت لەو ئیجرائات و خزمەتگوزارییانەی کە حکوومەت دەتوانێت وەریبگرێت وەک ئاو و خاشاک، و بە زووترین کات وەربگیرێتەوە.

د. محەمەدشوکری زێباری لەم بارەیەوە گوتیشی: ئێمە ڕێژەیەکمان داناوە کە پێویستە سەرجەم خاوەنی پرۆژەکان پابەندبن پێوەی، کە لە سەرەتای مانگی تەموزەوە ڕادەگەیەنرێت بە کەمکردنەوەی کرێی خزمەتگوزارییەکان کە بێگومان لە قازانجی هاوواڵاتیان دەبێت.

پرۆسەی تاپۆکردنی یەکەکانی نێشتەجێبوون دەستپێدەکات

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، د. محەمەد شوکری زۆریان ماون کە تاپۆ نەکراون، لە چەند ڕۆژێ داهاتوودا پرۆسەکە زیاتر دەچێتە پێشەوە.

د.محەمەدشوکری زێباری وەزیران بڕیاری لەسەر درا، پرۆسەی تاپۆکردنی یەکەکانی نێشتەجێبوون دەستپێبکراوە. ناوبراو ڕوونیکردەوە کە بە تێکڕایی 165هەزار یەکەی نێشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دروستکراوە و بەشێکی زۆریان ماون کە تاپۆ نەکراون، لە چەند ڕۆژێ داهاتوودا پرۆسەکە زیاتر دەچێتە پێشەوە.

زەوی لە وەبەرهێنەری کەمتەرخەم وەردەگیرێتەوە

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، د. محەمەد شوکری محەمەد سەعید ڕایدەگەیەنێت کە 113پڕۆژە هەن کە ڕێژەی کارکردن تێیدا سفرە و لە ئێستادا کار لەسەر ئەوە دەکەن دووبارە ئەو پڕۆژانە بخرێنەوە سەرکار.

د. محەمەد شوکری زێباری باسی لەوەشکرد کە ئەم پڕۆژانە بەشێکیان کەمتەرخەمی وەبەرهێنەرە و ئامادەی بەوە کرد کە لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەکانیان بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە خێراتر بکرێت و پەلە لە جێبەجێکردنی تاپۆکردنی یەکەکانی نێشتەجێبوون بکرێت.

لە ماوەی شەش مانگدا 5088 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی کوردستان تۆمار کراوە

بەدواداچوون: دیدار سابیر

هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی باش وات لێ دەکات بڵێی خۆزگە زووتر ئەم هاوسەرگیریەم کردبایە، بەڵام هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی خراپ تا ئەبەد پەشیمانت دەکاتەوە لەوەی هاوسەرگیریت کردووە، بۆیە بزانە کێ هەڵدەبژێریت، چونکە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بە وشەی تەڵاق یان ئاماژەیەک کە مانای تەڵاق بگەیەنێت، تەواوی پرۆسەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو کاریگەرییە نەرێنییەکانیشی لەم بەدواداچوونەدا دەخەینەڕوو.



بێتاز بوونی منداڵ و ناچارکرنی بە ژیانی دوور لە دایک یان باوک، لە ئەنجامی تەلاقدانە

عەلی تەنتاوی لەکتێبی فصول الادبیە دەڵێت: 27ساڵ قازی بووم بینیم زۆرترین حاڵەتی تەڵاق لە دووخاڵەوە دەستیان پێکردووە: تورەبوونی کۆتپڕانەی پیاوان و وەڵامە ڕەقەکانی ئافرەتان.

دکتۆر محمد خانی دەڵێت: لە دانیشتنێک ئامادە بووین بۆ ژن ماردەبڕین، کاتێک کوڕەکە هەستا دەستی باوکی کچەکە ماچ بکات، باوکی کچەکە بە کوڕەکەی گوت: لە شوێنی خۆت دانیشە، من دەستی تۆ ماچ دەکەم بەس پیاوی چاک بە لەو سەرەوە بێڕێزی بە خۆت و بە کچەکەی من مەکە و کۆمەڵێک خێزان تووشی کێشە و ئاژاوە مەکە.

من لێرەدا دەمەوێت بەدواداچوونێک لە سەر ئەو هۆکار و فاکتەرانە بکەم کە تەڵاق بە دوای خۆیدا دەهێنێت و دواجاریش ئەو تەڵاقە کاریگەری نەرێنی بە جێدەهێڵێت لەسەر هەر یەک لە هاوسەرەکان و منداڵەکان بە تایبەت، کە ئەوەش هۆکاری ڕووخان و هەرەسهێنانی بناغەی خێزان و سەرنەکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیرییە.

هۆکارەکانی تەڵاق بەگشتی بریتین لە: نەگونجانی هاوسەرەکان و هاوسەرگیری پێشوەختە، جیاوازی تەمەن، ناپاکی هاوسەرەکان لەگەڵ یەکتر، دابینننەکردنی کات تایبەتی هاوسەرەکان بۆ یەکتر، کەمتەرخەمی نواندن و پشتگوێخستنی یەکتری و گرنگی نەدانی هاوسەرەکان بە یەکتری، بێزاری و بێتاقەتی ژن و مێرد لە یەکتری، نەمانی ڕێز و خۆشەویستی، ئاژاوەی بەردەوام و نەمانی زمانی گفتوگۆ.

بۆچی مالیزیا کەمترین ڕێژەی تەڵاقی تێدایە لە جیهاندا؟

دوای ئەوەی لە ساڵی 2004 ڕێژەی تەڵاق لەم وڵاتەدا (مالیزیا) گەیشتە 32٪ حکوومەتی ئەم وڵاتە بیری لە ڕێگایەک کردەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، بۆیە سەرۆک وەزیرانی پێشووی مالیزیا (مەهاتیر محەمەد) کە خۆی بیرمەندێکی ئابووریناسیشە بیری لەوە کردەوە، کە نابێت چیتر ئەم دیاردەیە پەرەبسێنێت و بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر ئابووری ئەم وڵاتە، بۆ ئەو مەبەستەیش هەڵسا بە دانانی بیرۆکەی پێدانی (مۆڵەتی هاوسەرگیری) بۆ ماوەی یەک مانگ بۆ ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە خولێکی تایبەت بە گشت بوارەکانی ژیانی هاوسەری، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەم بیرۆکەیە کاریگەری باشی دروست کرد لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق، کە ڕێژەکەی لە 32٪ هێنایە خوارەوە بۆ لە 7٪ بۆیە تاوەکو ئێستاش مالیزیا یەکەم وڵاتە لە کەمیی ڕێژەی تەڵاق لەسەر ئاستی هەموو جیهان.

لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە زۆرترین، هەرکاتێکیش پرۆسەی هاوسەرگیری کۆتایی دێت و ڕێکارە یاساییەکانی تەواو دەبێت و هەر یەک لە هاوسەرەکان حەقی خۆیان وەردەگرن، گەورەترین قوربانی ئەم هاوسەرگیرییە نادروستە منداڵەکان دەبن، کە دوای تەڵاق چارەنووس و ڕێڕەوی ژیانیان بە تەواوی دەگۆڕێت و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک لێکەوتە و حاڵەتی شڵەژانی دەروونی دەبن.

ئەنجام و لێکەوتەکانی تەڵاق:

- هەستکردن بە داڕووخان و تێکشکانی دەروونیی لەلایەن هەر یەک لە ژن و مێرد و منداڵ.
- ڕەشبینی و خەمۆکی بوون.
- لەلایەن کۆمەڵگاوە بە چاوێکی دیکە تەماشا دەکرێن.

بێناز بوونی منداڵ و ناچارکرنی بە ژیانی دوور لە دایک یان باوکی یان دوور لە هەردووکیان، کە زۆرجار بە ناچاربیەوە لەلای داپیر و باپیر دادەنرێن، بەمەش منداڵێکی نادڕووست کە هەمیشە هەست بە نەبوونی شتێک دەکات، کە لە منداڵانی دیکە جیای دەکاتەوە و منداڵێکی خەمۆک و گۆشەگیرو هەستی تۆڵەکردنەوە لە ناخی دروست دەبێت، بۆیە زۆربەی لەو کەسانەی تاوانێک ئەنجام دەدەن کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ پەروەردەی خێزانیی ئەو کەسە، دەبینین ئەم کەسە لە بنەماوە منداڵێکی بەرهەمی جیابوونەوەیە، کە پێویستە بەر لە هاوسەرگیری با بیر لەو حاڵتانە بکرێتەوەو ئەگەر لێکتێنەگەشتن و نەگونجان هەیە بەر لە هێنانە بوونی منداڵ، بیر لە جیابوونەوە بکرێتەوەو منداڵ چارەسەری نەگونجان و تێگەشتنی ئێوە ناکات، لێرەوەش ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە هەوڵی جدی بدەن بۆ ئەم بابەتەو کاریگەریان لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق هەبێت، ئەویش بە پێدانی هۆشیاری بەر لە هاوژینی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و دروستکردنی ڕێز و خۆشەویستی و فێرکردنی گیانی لێبووردەیی و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی لە دوای پرۆسەکە.




ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەرێمی کوردستان لە هەڵکشاندایە

تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2019دا ئامارەکە بەم شێوەیەیە، لە پارێزگای هەولێر دوو هەزار و 53حاڵەت، لە سلێمانی دوو هەزار و 345حاڵەت و لە دهۆکیش 690 حاڵەت تۆمارکراوە، کۆی گشتی دەکاتە پێنج هەزار 88 حاڵەتی جیابوونەوە.

ئەوە لەکاتێکدایە، هەرێمی کوردستان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بە دۆخێکی خراپی ئابووریدا تێپەڕبووە و بووەتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە گەنجان کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات بەهۆی نەبوونی هەلی کار و سەرچاوەی بژێوی ژیان، کە دواجار ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرانیش زیادیکردووە.

سەرۆکێک بۆ هەمووان



د. مەیادە نەجار

لەکاتی گەلەکۆمەکی نەیاران دژ بە هەرێمی کوردستاندا، ئەزموونی نێچیرڤان بارزانی وەک دیپلۆماتکارێکی بێ وێنە دەرکەوت، چونکە توانی گۆرانکاری لە سیاسەتی ولاتان بکات سەرلەنوێ متمانە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ولاتانی جیهاندا ببوژێنێتەوە، کاتێک لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنە دیپلۆماسیەکانی توانی خەونی نەیاران بوچەل بکاتەوە، کەهشتیی هەرێمی کوردستانی بە ناو زریان و شەپۆلی هەلچووی ڕقی دوژمنان و گێژاوی قەیرانی سیاسی و دارایی تونددا گەیاندیە کەناری ئارامی، لەکەمترین ماوەدا ئۆپەراسیۆنی دیپلۆماسی ئەنجامداو چەندان دیداری لەگەل هەریەک لەسەرۆک کۆمار و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەنجامدا.

یەکریزی و تەبایی

ڕۆلی هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگ دەبێت لەئەدای داهاتووی حکومەتی عێراق و چۆنێتی کارکردنی حکومەتی نوێ، چونکە گۆرانکاری زۆر خێرا لەعێراق ناوچەکەدا ڕوودەدات و مەرجە هەرێم بەشدارێکی کارا بێت چونکە ململانێنی ئابووری لەنێوان ڕووسیا و ئەمەریکاو چین و بەریتانیا لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بەئاشکرا بوونی هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی ولاتانی کەنداوی عەرەبی بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات سەرقالی دۆزینەوەی پێگەی ئابووریی خۆیانن لەعێراقدا دەیانەوێت پردێک لەنێوان ریاز و بەغدا دروست بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی تورکیا بەدوای ئەوەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا پێگەی خۆی لە سوریا و لیبیا و عێراق و چارەسەری کێشەکان دەبێت. لەلایەکی ترەوە میدیا عێراقیەکان زۆر بەگرنگیەوە لەم هەوڵەی سەرۆکی هەرێم دەڕوانن، لەکەمترین ماوەدا لەسەر ئاستی عێراق چەندان دیداری لوتکەی لەگەل هەریەک لەسەرۆک کۆمار و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەنجامدا.

یەکریزی و تەبایی

ڕۆلی هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگ دەبێت لەئەدای داهاتووی حکومەتی عێراق و چۆنێتی کارکردنی حکومەتی نوێ، چونکە گۆرانکاری زۆر خێرا لەعێراق ناوچەکەدا ڕوودەدات و مەرجە هەرێم بەشدارێکی کارا بێت چونکە ململانێنی ئابووری لەنێوان ڕووسیا و ئەمەریکاو چین و بەریتانیا لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بەئاشکرا بوونی هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی ولاتانی کەنداوی عەرەبی بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات سەرقالی دۆزینەوەی پێگەی ئابووریی خۆیانن لەعێراقدا دەیانەوێت پردێک لەنێوان ریاز و بەغدا دروست بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی تورکیا بەدوای ئەوەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا پێگەی خۆی لە سوریا و لیبیا و عێراق و دووڕو دڕێژە جێبەجێ بکات.



سودان زیاتر بکات، ئێرانیش جێبەجێ بکرێت، بەلەبەرچاوگرتنی دەستکەوتی گیرۆدەی پەیداکردنی سەرچاوەی بژێوی ئابووری بووە، واتا نەخشەی سیاسی سەردانەکانی ڕابردووی لەچەند مانگی داهاتوودا نێچیرڤان بارزانی لەسەر گۆرانکاری خێرا بەخۆیەوە ئاستی ناوچەیی و دارایەکانی هەرێم بۆ بەغدا دەبینێت لەم کاتەشدا بەغدا نێودەوڵەتی، دەکرێ بگوترێ کە ئەنجامەکەشی لەسەر پێویستی بەکەسێکی وەک ئاستی ڕووەو و داهاتووی نێچیرڤان بارزانی دەبێت کە گەش لەو سەردانەدا وەدی ئەزموونێکی بێوێنەی دێت و ئەنجامەکەشی لەسەر لەپرۆسێسی دیپلۆماسی و ئاستی دیپلۆماسی لە چەند تێگەیشتن بۆ سیاسەتی ڕۆژی داهاتوودا دەردەکەون و زلهێزەکان هەیە.

لەسەر ئاستی کوردیی و گوزەرانی خەڵکیش دوای سەردانی وەفدی حکومەتی هەرێم بۆ ڕێککەوتن لەسەر مافە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان و ئاسانکاری بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشەپێدانی ئابووری هەرێم، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم سەردانە دەرگای بۆ هاوکاری و هاوبەشی لەگەل کۆمپانیا گەورەکانی جیهان کردەوە، بەتایبەتی لە بواری وزەی کارەبا و نەوت و گاز و ئەندازیاری و ئاسایشی سنوور و ئاسایشی ناوخۆ و ڕاهێنان و پەروەردە و تەندروستی و گەشتیاری و ئاسایشی خۆراک و ئاو و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاسایشی ئاو و ژینگە و ئاسایشی سایبەر و ئاسایشی ئاسمان و ئاسایشی دارایی و بانکی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی تەندروستی

مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا

پرۆفیسۆری یاریدەدەر خالید شێخ محەممەدی خاڵ: شێخی خاڵ دەربارەی بارزانیی نەمر دەیگوت (ئەم پیاوە گەورەیە ڕووناکی نەتەوەکەمانە هەموو کوردێک قەرزارێتی)

دیمانە: زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی (مامۆستا خالید خاڵ) کۆڕی قازی و ڕووناکبیری ناسراو و گەورەی کورد (شێخ محەممەدی خاڵ)ە. لە بنەماڵەیەکی ناییینیی ناسراوی سلێمانین، شێخی خاڵ لە بواری تەفسیری قورئان زانستە ناییینییەکان پەندی پێشینان بواری فەرهەنگدا پسپۆڕێکی گەورە بووە بەرهەمگەلێکی باشی بەجێ هێشتووە خزمەتێکی بەرچاو و مەزنی نەتەوەی کوردی کردووە. بە عەلامەی کورد ناسراوە، چەند هەزار کتێب دەستنووسی بەنرخی هەیە ئێستا لە کتێبخانەی ئەوقاف پارێزراوە، کە یەکێکە لە هاوتای کتێبخانە شەخسییە گرنگ پڕ بەهاکانی وەکوو کتێبخانەی مەحوی، توفیق وەهبی بەگ، شاکر فەتاح، پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار، د. کەمال مەزهەر، کە سەرجەمیان شەخسین فەرمی نین هی میری نین، پێوبستە گرنگییان پێ بدرێت، چونکە ئەوانە دیکۆمێنت ئەرشیفێکی گەورە سامانێکی نەتەوەیین. شایانی باسە ئەم دیمانەیە لە کتێبی " کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" وەرگیراوە.

تێبینی: ئەم دیدارەمان بەر لە کۆچی دوایی پرۆفیسۆری یاریدەدەر – خالید شێخ محەممەدی خاڵ سازدراوە، بەداخەوە. خوالێخۆشبوو مامۆستا خالید خاڵ، لە بەرواری 3/27/ 2011 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆرستانی سەیوان لای شێخ محەممەدی خاڵ، لە شاری سلێمانیدا بەخاک سپێردرا.

*** پەیوەندیی بارزانی شێخ محەممەدی خاڵ چۆن بوو، یا لە چیبەوە سەری هەڵدا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

– سەرەتای پەیوەندیی باوکم- شێخ محەممەدی خاڵ بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، لەو سەردەمەدا بارزانی لەگەڵ خانەوادە کەسوکاریدا لەلایەن حکومەتی بەغدادوە لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕی، دەستبەسەر دوور خرابوونەوە بۆ شاری سلێمانی. بێ گومان کاربەدەستانی بەغدا نەیاندەویست بارزانی لە ناوچەی بارزاندا بێ، لەبەر مەترسیی هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی بارزانییەکان جەماوەری ئەو ناوچانە، بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان، بەتایبەتی چاککردنی بارودۆخی ژیانیان، کە زۆر ناهەموار بوو. هەستی کوردایەتی ئایینی پیرۆز کە بێ گومان ئەبێ تەرخان بکرێ بۆ خزمەتی گەل نیشتمان بەربەرەکانی زوڵم زۆر، لە دڵ دەروونی ئەم دوو گەورە پیاوە مەزنەدا واتە (بارزانی شێخ محەممەدی خاڵ) جێگیر ببوو. جگە لەوەی کە شێخی خاڵ بە چاوێکی پڕ لە ڕێز هیواوە سەیری بارزانیی شۆڕشگێڕی دەکرد هیوا ئاواتی میللەتەکەی لە بارزانیدا دەبینی بەردەوام تامەزۆری بینینی بوو. بۆیە ئەو ماوەیەی کە بارزانی لە سلێمانی بوو، ئەم دوو زاتانە پەیوندیی بەردەوامیان هەبوو سەردانی یەکتریان دەکرد جارجاریش لەسەر داوای بارزانی، شێخی خاڵ چەند دەرسێکی ئایینی پێ دەگوتەوە، چونکە شێخی خاڵ لەسەر ئاستی عێراقدا قازی زانایەکی ئایینیی ناسراو بوو گەیشتە پلەی ئەندامی مەحکەمەی تەمیزی شەرعی لە شاری بەغدا لە ساڵی **1961**دا.

. بۆ یەکەم جار کە بەڕێزت سەردانی، (بارزانی)ت کرد کەی بوو؟ ئەی تا چ ئاستێک خەڵکی لەو کاتەدا خۆشحاڵ بوون بە هاتنەوەی بارزانی؟

– یەکەم سەردانم بۆ لای بارزانی لە مانگی **10**ی **1958**دا بوو، کە بەڕێزی لە یەکێتیی سۆڤیەتی جارانەوە گەڕایەوە خاک نیشتمانی خۆی، لەو دەمەدا باشووری کوردستان بە گەڕانەوەی قارەمانی ڕزگاری ئازادی کورد بارزانی مستەفا لە جەژنێکی گەورەدا بوو، هەر کەسێکت دەبینی دڵی خۆش بوو، ئاوات هیوای گەل تازە بووەوە نوێنەرانی هەموو چینەکانی گەل لە شاری بەغدا پەیتا پەیتا سەردانی بارزانییان دەکرد بۆ بینینی بەخێر هاتنەوەی. هەستی کوردایەتی لە کوردستاندا گەیشتبووە لوتکە تەنانەت جەماوەرێکی زۆری بڕا عەرەبەکانیشمان زۆر پێخۆشحاڵ بوون بە گەڕانەوەی بارزانی، پەیتاپەیتا گەورە پیاوان ڕۆشنبیرانی عەرەب کورد جەماوەرێکی زۆریش لە شارەکانی عێراقەوە ئەهاتن بۆ لای بارزانی پێخۆشحاڵیی خۆیان بە گەڕانەوەی دەربڕی.

لەو کاتەدا بوو باوکم پێی گوتم: با ئەم قەڵەبالغییە کەم بێتەوە مەل

وون بوون

ناسنامەیەکی وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی دریژخایەن بەناوی(مجید سلام احمد) کە لە نەخۆشخانەی چوارقورنە دەرچووە ون بووە، هەرکەسێك دۆزیویەتییەوە تکایە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٤٦/٧
رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٣
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (امنە ابراهیم عبدالرحمن)
هۆشدارلێکراو: (ئاری قادر اسماعیل)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (امنە ابراهیم عبدالرحمن) بە ژمارە (٢١١٠٣/٢٠٦) لە ٢٠٢٠/٦/١٦ بەمەبەستی هۆشداری کردنت و لابردنت لە بریکارنامەی تایبەت بە ژمارە (٥/٩٥٢) کە لە (٢٠١٧/١/٩) لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر دەرچووە، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی ئاگادارکردنەوەی ئاشکرا (ئاری قادر اسماعیل) لە ٢٠٢٠/٦/١٦ بڕیارە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل. دادنووسی یەکەمی لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگای بەرایی دهشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ١٤٨/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢١
جاردان
بۆ داوالێکراو (عمر عولا برایم - بەڕێوەبەرایەتی ڕێپێدراوی کۆمپانیای بەردەلوس سەرەڕای کارەکەی) شوێنی دانیشتنت نادیارە داواکار (ایوب عمر اسماعیل- بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی نوسینگەی ئەشکەوت) داوای ژمارە (١٤٨/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (٣٩,٧٨٠) سێ سەدو نۆوەد هەزار و حەوت سەدو هەشتا دۆلار) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (کوێستان) بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەدادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٩ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا

* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەولێر
بەشی/ مولکەکان
ژمارە: ٩٣٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
ڕاگەیاندن
بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پارێزگای هەولێر هەڵدەستێت بەڕاگەیاندنی بەکرێدانی گەراجی ژمارە (٢٥٣) عەرەب بەپێی سیستەمی زیادکردن و کەمکردنی تایبەت بە ئەوقافی ژمارە (٤٥) بۆ ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا کە دەکەوێتە گەرەکی (عەرەب) پشت مزگەوتی (شێخی چۆلی) وە خەسڵەتەکانی لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەکرێ گرتنی هەیە دوای (١٠) ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەم زیادکردنە ئاشکرایە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کاتژمێر ٩:٣٠ بەیانی ئامادەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پارێزگای هەولێر، وە هێنانی بارمتەی یاسایی بەبری (٢,٥٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار و پارەی بڵاوکردنەوە و لێژنە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت وە هەرکەسێك زیادکردنەکەی بۆ دەربچێت پێویستە بەڵێن نامەیەك بدات کە پەسندکراوبێت لە دادنووسی هەولێر تیایدا ئاماژە بکات بە ئامادەبوونی بەچۆل کردنی مولکەکە هەرکاتێك وەزارەتمان داوای کردەوە.
خەسڵەتەکانی مولکەکە
- ڕووبەری گەراجەکە تەنها (٨٠٥,٥) م٢
صدیق کمال ابراهیم
بەڕێوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئاینی پارێزگای هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد فەرمانگەی دادنووسی سۆران
بەروار /٢٠٢٠/٦/١٦
ئاگادارى
داواکار (ئەنوەر محمد امین رمضان) داوای تۆمارکردنی ئەم ئامێرانەی خوارەوەی کردووە لە کارگەی مەرمەری سیا (سۆران) لە سۆران/ ئازادی ,ئاکارەکانیان لە خوارەوە دیاری کراون بە پێی تۆماری میکانیکی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (١٩٩٨) بڵاو دەکەینەوە هەرکەسێك خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەر یەك لەم ئامێرانەی خوارەوە دادەنێ لە ماوەی پازدە ڕۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بە ناوی داواکار تۆمار دەکرێت وە بە ناوی دەکرێت.
ئامێرەکان :
١- ئامێری تێکەڵکردنی مواد/بۆ تێکەڵکردنی مواد/٢٢٠v/تورکی/ کارەبایی/ ٢٠٠NM.
٢- ئامێری تێکەڵکردنی مواد/بۆ تێکەڵکردنی مواد/٢٢٠v/تورکی/ کارەبایی/ ٣٠٠NM.
٣- کۆمپرێسەری هەوا/بۆ گلدانەوەی هەوا/کارەبایی/٤٠٠NM.
دادنووسی یەکەم
ستار علی اسماعیل

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/٢١/ب/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٦/٢٣
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٢١/ب/٢٠٢٠) ل ٢٠٢٠/٢/١٦ لدور ژناڤبرنا بەهرا ازالە شیوع ژئاقارێ ژمارە(١/١٦٨) کەرتێ یهود کو سەخلەتێن وی لخوارێ دیارکری نە بولسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ ڕوژادا دەست پێدکت ژ ڕوژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕۆژانەدا وەەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠ ٪ دابین بکەت ژکوژمێ خەملاندنی ئەو ژی (٨٨٠٠٠٠٠٠) هەشتێ وهەشت ملیون دینار وئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی وگەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان وئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان
سەخلەت : جورێ ئاقاری مولکینی یە ورەگەزێ وێ خوارنگەھ هە ڕووبەرێ وێ (٨٨,٣٣) م٢ ژ بلوك وچیمەنتوێ ئاڤاکرییە وپێك دێت ژ جهێ خارن خوارنێ ولێنانگەھ
دادوەر / یوسف الیاس سدن

* * *

دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە: ٨٩/ش/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٣
جاردان
بۆ / داوالێکراو (هلکورد احمدی) شوێنی دانیشتووی نادیار.
داواکار (سیران سلیمان حسن) داوای شەرعی ژمارە (١٣٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (لێك جیابوونەوە بە هۆی کۆچکردن)(تفریق بسبب الهجرە) وە لە بەر ئەوەی شوێنی نیشتەجیبوونی نادیارە بە پێی (ئیشعاری موختاری قەزای بەردەرەش) وە نووسراوی بنکەی پۆلیسی بەردەرەش ژمارە(١٤٧٢/٦)لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە پێچەوانەوە دادبینی وەکو پێویست ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا.
دادوەر / نزار خلیل ابراهیم

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٦/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (فرهاد عزیز محمود) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- کەتەری عدل و زاویەی المنیوم دووداڵە ژمارە/ ٥٠٥٠٠٠ و ٥٠٥٠٠١ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W٠,٧٥.
٢- دووداڵە فرێزەی کیلۆن و نەرماوە ژمارە/ ٥٠٥٠٠٢ و ٥٠٥٠٠٣ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢* K.W٠,٢٥.
٣- لحیم ولدن ژمارە/ ٥٠٥٠٠٤ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.P٣٠.
٤- کەتەری برینی المنیۆم و ئاسن ٧,٥ ژمارە/ ٥٠٥٠٠٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥.
٥- تشریح کردنی المنیۆم حرف T ژمارە/ ٥٠٥٠٠٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.
٦- درێل ستوونی کونکردن ژمارە/ ٥٠٥٠٠٧ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠.
٧- دوودانە مشاری سینی برینی الیکۆبۆن ژمارە/ ٥٠٥٠٠٨ و ٥٠٥٠٠٩ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W٠,٥٠.
٨- گاسووسەی برینی ئاسن و المنیۆم ژمارە/ ٥٠٥٠١٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٢٠.
٩- کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/ ٥٠٥٠١١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
١٠- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ٥٠٥٠١٢ دروستکراوی یابانی جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.W٢٠.

* * *

ڕێقەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتییا باژێرڤانییا بەردەرەش/ مو لکا یە تی
ژمارە: ٣٠٠/٣١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٢٣
ئاگەهداری
لدیف نڤیسارا ڕێقەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییێن پارێزگەها دهۆك یا ژمارە ١٦٦٤ ل ٢٠٢٠/٣/٤ و نڤیسارا ڕێقەبەرییا نەخشەدانانا ئافەدانی ل پارێزگەها دهۆك یا ژمارە (٢٩٣) ل ٢٠٢٠/٢/١٦ سەرۆکایەتییا باژێرڤانییا بەردەرەش نەخشێ روهنکری بۆ پارچە ئەردێن هاتینە دەست نیشانکرن بۆ بنگەهێ (پۆلیسێن پاراستنا چالاکییێن مەدەنی) و بنگەهێ (پۆلیسێن سنێلا) و بنگەهێ (پۆلیسێن گرتیخانە و ڕەوانەکرن) و بۆ ئافاهیێ (هۆبا بەلگەهێن تاوانا) ئەوێن دکەڤیتە سەرنەخشێ پەسندکریی یێ ژمارە (١٤٠) ڕادگەهینین ڤێجا داخازێ ژ هاوولاتییان و دام و دەزگەهێین میری دکەین کو هەر تێبینی و پێشنیارەك هەبیت بلا پێشکەشی سەرۆکاتییا باژێرڤانییا بەردەرەش بکەت ل ماوێ (٣٠) ڕۆژان د بلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ل ڕۆژنامە فەرمیدا لدیف یاسایا کارگێری و شارەوانی یا ژمارە (٦) ل سالا ١٩٩٣.
ئەندازیار/ عمر میکائیل سلیم
سەرۆکی باژێرڤانیا بەردەرەش

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچون
ژمارە / ٢١٨٥
ڕێکەوت /٢٠٢٠/٦/٢٤
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (زانست) بۆ (چاپکردن وبازرگانی وقرطاسیە وکۆمپیوتر / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموواركراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢٤
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٠٧٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (WISH CHOICE) بۆ (خزمەتگوزاری کارگێری و خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی خانووبەرە/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت



www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/25 ژمارە (5961) خەبات

ڕێنمایی بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19)

- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەپێستی ساغ تێناپەڕێت و تا 10 خولەك لەسەر پێست زیندووە، بۆیە گەر دەستەوانەتان لەدەست نییە دوودڵ مەبن تەنیا دەست لە دەمولوتی خۆتان مەدەن.
- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەسەر پارچە قوماش 6 تا 12 کاتژمێر و ئاسن 12 تا 20 کاتژمێر و لەسەر ستیل تا 20 ڕۆژ بەزیندوویی دەمێنێتەوە.
- ئەم ڤایرۆسە تا 60 پلە ژێر سفر زیندووە، بەڵام لەگەرمای سەروی 30 پلە دەمرێت، بۆیە باشتر وایە شوشتن و خاوێن کردنەوەکان بەئاوی گەرم بێت.
- کۆرۆنا بە ئاوی گەرم و پاککەرەوەکانی ماڵەوە لە ناو دەچێت.
- بە هیچ شێوەیەك ئاوی سارد و خواردنی سارد مەخون، ئاوی گەرم قاوەی گەرم خواردنەوەی گەرم بخۆنەوە.
- شوێنی گردبونەوەی سەرەکی ئەم ڤایرۆسە لەناولوتە، بۆیە هەردەم لوتتان بە ئاوی گەرم بشۆن.
- شوێنی ژیان و کارتان با هەوا گۆرکێی هەبێت.
- لە ڕۆژدا چەندین جار بۆ ماوەی 10 تا 15 چرکە هەناسەتان بگرن و بیدەنەوە، گەر کۆکە یان تەنگە نەفەسیتان هەبوو پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەن.
- کاتی پژمین و کۆکە تا پێتان دەکرێت لەکەسانی تر دوور کەونەوەوە.
- دوای شوشتنی دەستەکانتان گەر بۆ شوێنی گوماناوی ناڕۆن پێویستە بەکرێم یان ڤازلین چەور بکرێت تاوەکو توشی ئەگزیمای پێست نەبن.
- جلوبەرگ وا باشە لەبەرتیشکی هەتاو یان سۆپا وشك بکرێتەوە.

ڕێگەکانی گواستنەوەی کۆرۆنا



1 - گواستنەوەی ڕاستەوخۆ لەدەمی نەخۆشەوە بەهۆی پژمین یان کۆکین.
2 - گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ (بەهۆی دەست لێدان لە کەلوپەل یان دەم و چاو).
3 - تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تووشبووان.
4 - خواردنی چێشتێك کە باش نەکوڵابێت.

چۆنیەتی خۆپاراستن


شوشتنی دەست بەئاو و سابوون بەبەردەمی


داپۆشینی دەم و لوت لەکاتی پژمین و کۆکیندا


کوڵاندنی خواردن بەباشی


دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی نیشانەکانی کۆکین و پژمین و تەنگەنەفەسیان هەیە

نیشانەکانی تووشبوون


بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەستە


کۆکە و پژمین


تەنگەنەفەسی

شێوازی دروستی پۆشینی ماسك



دەم و لووت بەتەواوەتی دابپۆشێ


ماسك تەنها یەکجار بەکاربهێنە


لەکاتی پۆشینی ماسکدا دەستی لێمەدە


ماسکەکەت بگۆڕە ئەگەر شێداربوو


هەرگیز ماسکی قوماش بەکارمەهێنە


دوای لابردنی ماسك دەستت بەئاو و سابوون بشۆ

کەی پێویستە دەست بشۆین؟



شێوازی دروستی دەست شووشتن



سابوون بخەرە سەر دەستت



دەستەکانت بخەرە سەریەك



دەستەکانت لێك بخشێنە و ناو پەنجەکانت بیر نەچێت



بەپەنجەکانی دەستی ڕاست پشتی دەستی چەپ و ناو پەنجەکانی بشۆ (بۆ هەردوو دەست)



چواردەووری پەنجەکان بەناو لەپ بشۆ



بەسەر پەنجەکانی دەستی ڕاست ناو لەپی دەستی چەپ بشۆ (بۆ هەردوو دەست)



دەستەکانت ووشك بکەرەوە

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/25 ژمارە (5961)
خەبات

ماریۆ فارگاس یۆسا

لە (گوتوبێژ لە کاتدراڵ)ەوە بۆ (ماڵە سەوزەکە)دا



بۆتان جەلال

لەو چەندین ساڵەی ڕابردوودا، (ڕۆمان) لە ئەدەبی ئەمریکای لاتین ڕەنگ و خەسڵەت و جوانی و سەرکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و شۆینێکی سەرنجڕاکێشی لەسەر نەخشەی داهێنەرانی ڕۆمان لە هەموو جیهاندا هەیە و خوێنەرێکی زۆر لە هەموو قوژبنێکی زەوی دا بە چاوی ڕێز و بایەخەوە سەیری بەرهەمی ڕۆمانووسەکانیان دەکەن، ئەمڕۆ ئەم تێزە جوانەی ئەدەب لە ئەمریکای لاتین زۆر پێشکەوتووە و ئاستی ڕۆمانووسەکانیان سنوری ئەوروپاشی بەزاندووە و پلەی یەکەمی هەموو جیهانن لە بەرهەمهێنەران و زۆری خوێنەرانیان، چەند کەسانێکی ڕۆمانوس کە نوێنەرایەتی ڕۆمان لە ئەدەبی ئەمریکا دا دەکەن و لە ڕێگای سەرکەوتنە دیارەکانیانەوە بوونەتە ئەستێرەی درەوشاوە، گرنگترینیان خۆرخێ لویس بۆرخس و رۆبرتۆ ئارلت و ماسیدونیۆ فرناندس و بابلۆ نیرۆدا و گابریل گارسیا مارکیز و ماریۆ فارگاس یۆسا و ئەلفریدۆ برایس ئینشنکی و پاولۆ کویلهۆ و چەند نووسەر ئافرەتێکی ڕۆمانووسی وەک ئەلیزابیل ئەلیندی و لاورا ئیسکیل.

یەکێک لەو ڕۆمانووسە دیارانەش (ماریۆ فارگاس یۆسا)یە کە لە ڕۆژی ٢٨ ی ئاداری ساڵی ١٩٣٦ لە دایک بووە و لەوەتەی ساڵی ١٩٩٣ وەش ڕەگەزنامەی ئیسپانیای وەرگرتووە پاش ئەوەی لە تاقیکردۆتەوە، پاش چەند ساڵێك دایك و باوکی دووبارە بۆ لای یەکتر دەگەڕێنەوە و ژیانێکی نیمچە ئارامی بۆ دەڕەخسێنن، لە هەڕەتی لاوێدا ڕوو دەکاتە ئەکادیمیای سەربازی (لۆسینۆ برادۆ) نەدەهێنا، لەگەڵ ئەوەی ئەو خۆی خزاندۆتە نێو سیاسەت و ویستویەتی لە نزیکەوە تەرجەمی هەڵوێست و بیر و باوەڕەکانی خۆی بە واقیعانە بکات و لە ڕێزی پێشەوە بێت بۆ داکۆکی لە خەڵکی زوڵمڵێکراو، لە ساڵی ١٩٩٠ لە نێوان هەردووکیان هێنا و بردییە، بەڵام پاش چەند ساڵێك پەیوەندییەکەی نێوانیان ئاسایی بۆتەوە.

ئەم کەڵە ڕۆمانووسە هەمیشە باوەڕی بەوە هەبووە کە (ئەدەب) تاکە ڕێگایەك نییە بۆ قەڵاچۆکردنی دیکتاتۆرەکان و لەناوبردنی پیاوانی گەندەڵ لە وڵاتەکانیان، هیچ شاکارێك هەتا ئەو شاکارە ئەدەبییە لە لایەن شەکسپیر یان تۆلستۆی و هۆگۆ و دیستۆفسکی و فۆکنەریشەوە نووسرابێت ناتوانن زۆرداری لە ناو کۆمەڵگا لابەن و دادپەروەری و یەکسانی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

فارگۆس یۆسا دژی دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت وەستاوە، بە نووسین بە گژیان داچۆتەوە و بە هەڵوێستەکانی ڕیسوای کردوون، لەم دواییە دا لە (کراکاس)ی پایتەختی وڵاتی ڤانزوێلا لە سیمینارێکدا کە بۆ سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی (هۆگۆ شافێز) ساز کرابوو، بە توندی هەڕەشەی لە ڕژێمی شافێز کردووە بەوەی تۆمەتباری کرد کە دەیەوێ دیکتاتۆریەتی شیوعییەکان بژێنێتەوە...

هەروەها سەبارەت بە پرۆسەی ئازادکردنی ئێراق لەدەست ڕژێمی سەدام حوسێن، سەرەتا لە ساڵی ١٩٩٠ ناڕەزایی خۆی بە دەست تێوەردان لە ئێراق دەربڕی، بەڵام لە ٢٠٠٣ دا کە هێزە هاوپەیمانەکان ئێراقیان ڕزگار کرد و ڕژێمی بەعس ڕووخا، لە لێدوانێکدا وتی: مەحاڵە جارێکی دیکە لە ئێراق پیاوێکی دیکتاتۆر دروست ببێتەوە و گەلانی ئێراق ئەشکەنجە بدات.... نووسەر ژمارەیەك بەرهەمی چاپکراوی هەیە، لە بواری ڕۆماندا گرنگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن (شار و سەگەکان) ١٩٦٣، (ماڵی سەوز) ١٩٦٦، (خۆلیا) ١٩٨١ (گوتوبێژ لە کاتدراڵ)، (لاپەڕەکانی ڕیجوبیرتۆ) ١٩٩٧، (ئاهەنگی ئەلتیس) ٢٠٠٠، (بەهەشت لە لایەکی دیکەوە) ٢٠٠٣، (گەمەکانی منداڵە لاسارەکە) ٢٠٠٣، زۆربەی بەرهەمەکانیشی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕداون.

لە بواری شانۆ دا، شانۆگەری (نزیك لە تایمز) گرنگترین شانۆنامەیەتی کە نووسیبێتی، ئەم شانۆنامەیە دوومانگ لەسەر یەك لە لیمای پایتەختی پیرۆ نمایش کرا، هەموو شەو فارگۆس یۆسا خۆی ئامادەی شانۆگەریەکە دەبوو وەك خوویەك حەز دەکات، لە کاتی دەقێکی شانۆیی ئەو دەکرێت بە شانۆگەری خۆشی ئامادە ببێت، جار هەبووە وەك ئەکتەر بەشداریشی تیادا کردووە.

ئەمانە و جگە لەوەش لە بواری ڕەخنەی هونەریی و ڕۆژنامەگەری و نووسینی چیرۆك و ڕەخنەی ئەدەبیش بەرهەمێکی زۆری پێشکەش کردووە، نووسەرێکی جوان پەرست و حەزی لە ژیانە، خولیای گەڕان و گەشت و گوزارە، لە نێو پایتەختەکانی لیما و پاریس و مەدرید هەرگیز نەحەساوەتەوە بۆیە جار جار سەفەری بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئەفریقیا ساز داوە و بەدوای زانیاری و جوانییەکانیدا گەڕاوە.

یەکەمجار لەساڵی ١٩٥٥ لە گەڵ ئافرەتێکی سیاسەتمەدار بەناوی (خۆلیا ئۆرکیدی) ژیانی خێزانی پێك دەهێنێت، دوای ٩ ساڵ لە یەکتری دادەبڕێن، ڕۆمانی (خۆلیا) کە لە ساڵی ١٩٧٦ چاپکراوە چیرۆکی ئەم ژنەی تیا گێڕاوەتەوە، پاشان کچێکی خزمی خۆی دەخوازێت و سێ منداڵی بەناوەکانی (ئەلبارۆ) ١٩٦٦ و (گوانسالۆ) ١٩٦٧ و (مەرجانە) ١٩٧٤ لەم ئافرەتە هەیە .



هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پیرۆ دەرنەچوو، ئەم کارەی فارگاس یۆسا بووە هۆی دروست بوونی توڕەیی هاوڵاتیانی پیرۆ.

یۆسا کەسایەتییەکی دیار و داهێنەرێکی هەمە چەشنەیە، لە بواری چیرۆك و ڕۆمان و ڕەخنەی هونەری و شانۆ و ڕۆژنامەگەریدا بەرهەمێکی زۆر و باشی خستۆتە بەر دەستی خوێنەرانی و چەند جارێك لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری و ئەدەبی نێو دەوڵەتییەوە ڕێزی لێ نراوە، دوایین ڕێزگرتن خەڵاتی نۆبڵ بوو کە ئەکادیمیای سوید لە ڕۆژی ٧ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ پێیبەخشی، هەروەها خەڵاتی (میر ئەستۆریاس)ی ئەدەب لە ساڵی ١٩٨٦ و خەڵاتی (بلانیتا) لە ١٩٩٣ و خەڵاتی سرفاتس لەوێژە لە ساڵی ١٩٩٤...

ڕۆژانی منداڵییەتی ئەم نووسەرە دژوار و پڕ لە کێشە بووە، ساڵی یەکەمی لە دایك بوونی لە یەکتر جیا بوونەوەی دایك و باوکی ڕوویدا، لەگەڵ بنەماڵەی دایکی ڕوو دەکەنە بۆلیڤیا و لەوێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات، لە تەمەنی ٨ ساڵیدا هەوڵە ئەدەبییەکانی خستۆتە بەر چاو و بە بەرهەمێك بەناوی (گوتارێك بۆ منداڵە خوداوەندەکە) توانا و لێهاتوویی خۆی و خوێندنی ئەکادیمی تیا دەخوێنێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شێوازە ژیانە سەربازییە و ڕەگی لە بیر و هەڵوێستەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و ئەوەتا لە ڕۆمانی (شار و سەگەکان) کە لە ساڵی ١٩٦٣ نووسیویەتی تەواو ژیانی سەربازی و کەش و هەوای سەربازگەیی تیا بەرجەستە بووە.

خۆشەویستی بۆ (ئەدەب) وای لێ دەکات ڕوو بکاتە خوێندنی وێژە و لە زانکۆیەکەی پیرۆ درێژە بە خوێندن دەدات و هەر لەو سات و وەختانەشدا وەك ئەندام لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ئەدەب) کار دەکات و ساڵی ١٩٥٨ کورسیەکی خوێندنی لە زانکۆیەکی ئیسپانیا بۆ تەرخان دەکرێت و لەوێ بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست دەهێنێت و پسپۆڕیەتی لە ئەدەبی ئەمریکای لاتین وەردەگرێت و نامەکەشی لەسەر ڕۆمانووسی گەورەی کۆلۆمبیا گابریل گارسیا مارکیز دەبێت و لەساڵی ١٩٧١ بە شایستەییەوە بڕوانامەکەی پێدەبەخشرێت. فارگاس یۆسا لەسەرەتای ژیانیدا لە بواری ئیزگە و ڕۆژنامەگەریدا ئیش و کاری پێ سپێردراوە لەوانەش لە ئاژانسی فەرەنسی بۆ ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ، وێرای سەرقاڵبوونی بەو کارانەیەوە، هەرگیز وازی لە نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی بزافەکانی سەرۆکایەتی (واقیعەت) زیاتر بوو.

فارگاس یۆسا وەك لە پێشەوەدا باسمان لێوە کرد، خوێندنی ئەکادیمی سەربازی کردبوو لە کەش و هەوایەکی سەربازی و زەفتکردندا گەورە ببوو، ئەم ژیانە کاریان لەسەر هەڵوێست و خواستەکانیدانابوو، سەیر دەکەین حەزی دەچێتە سیاسەت و وەك نووسەرێکی چاو کراوە دژی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی وەستاوە و هەڵوێستی نەگۆڕی بەرامبەر سیاسەتە داپڵۆسێنەر و برسیکردن و خۆسەپاندن بەسەر خەڵکی هەژار و بێ پشت و پەنا و خۆگرتن لە کورسی دەسەڵات هەبووە، زۆرێك لەو هەڵوێستانەی لە نووسینەکانیدا نموونەی زیندوون و بەتەواوی لە زۆرێك لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، ئەگەر ڕۆمانەکانی فارگاس یۆسا بخوێنینەوە زۆربەی پاڵەوانەکانی خەڵکی فەرامۆشکراون و بابەتەکانیش گرفت و کوژرانی میللەتانی ژێر دەستی حوکمی دیکتاتۆرەکان و پیاوە گەندەڵەکانی نێو کۆمەڵگاکانن، لە ڕوانگەی بەرگریکردن لە چینی هەژار و بێ دەسەڵات نوکی قەڵەمی دژ بە دیکتاتۆرەکان تیژ کردۆتەوە و لە هەر بۆنەیەك هاتبێتە پێشەوە ڕیسوای کردوون، هەر لە ساڵی ١٩٨٠ەوەش ڕاستەوخۆ خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پیرۆ دەرنەچوو، ئەم کارەی فارگاس یۆسا بووە هۆی دروست بوونی توڕەیی هاوڵاتیانی پیرۆ.

یۆسا کەسایەتییەکی دیار و داهێنەرێکی هەمە چەشنەیە، لە بواری چیرۆك و ڕۆمان و ڕەخنەی هونەری و شانۆ و ڕۆژنامەگەریدا بەرهەمێکی زۆر و باشی خستۆتە بەر دەستی خوێنەرانی و چەند جارێك لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری و ئەدەبی نێو دەوڵەتییەوە ڕێزی لێ نراوە، دوایین ڕێزگرتن خەڵاتی نۆبڵ بوو کە ئەکادیمیای سوید لە ڕۆژی ٧ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ پێیبەخشی، هەروەها خەڵاتی (میر ئەستۆریاس)ی ئەدەب لە ساڵی ١٩٨٦ و خەڵاتی (بلانیتا) لە ١٩٩٣ و خەڵاتی سرفاتس لەوێژە لە ساڵی ١٩٩٤...

ڕۆژانی منداڵییەتی ئەم نووسەرە دژوار و پڕ لە کێشە بووە، ساڵی یەکەمی لە دایك بوونی لە یەکتر جیا بوونەوەی دایك و باوکی ڕوویدا، لەگەڵ بنەماڵەی دایکی ڕوو دەکەنە بۆلیڤیا و لەوێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات، لە تەمەنی ٨ ساڵیدا هەوڵە ئەدەبییەکانی خستۆتە بەر چاو و بە بەرهەمێك بەناوی (گوتارێك بۆ منداڵە خوداوەندەکە) توانا و لێهاتوویی خۆی

عەشقێکی شێتانە



خالید کۆچەر

بەچییت بچوێنم بەخاتوو
حەبیبەکەی نالی
یا بە خاتوون عەنبەرەکەی
مەولەوی
یا بە ست فاتیمەکەی هەردی
یا بە خاتوو پەرییەکەی جەمال
شارباژێری
دەترسم بەلقیسەکەی نەزار بیت
دەترسم ئیلزاکەی ئاراگۆن بیت
زۆر دەترسم قژەکەت
ئالاندبێت لە دەست و پەنجەی
شیعرم و ڕێگام پێنەدەبیت
گۆرانی بۆ ژنێکی عاشق بلێم
گۆرانی بۆ کچێک نەلێم عاشق
بە وشە و عەتری شیعرەکانمە
دلدارەکان لێمدەپرسن بۆ ناوی
دلدارەکەت
لە نێو ڕووباری هاژەی
وشەکانت نادرکێنیت
وتم : با ئەو گوڵە خۆی
ناوەکەی بدرکێنێت
بوێری لە ئەو بێت و میژووی
نووسینەوەی عەشقە
بێ کۆتاییەکەی لە خۆم

زەمەن لە بەختە بارانەدا



حەیدەر عەبدولڕەحمان
بەشی دووەم

کاراکتەرەکانی (بەختە بارانە) دابەشی دوو چینی سەرەکی دەبن، چینی سەرمایەدارەکان و چینی هەژارەکان، یاخود چەوسێنەرو چەوساوەکان، سەرمایەدارەکان خاوەن کۆمپانیاکانن، هەژارەکانیش ئەو حەمبالّ و عەرەبەنچی و خزمەتکارە گەنجانەی ناو کۆمپانیا و قاوەخانەکانن بەهەردوو رەگەزەوە، کە زۆربەیان وەك کۆیلە وان، هەموو شتێ دەکەن لەپێناو پارە، لەکوشتن و بڕین و فڕاندن و قاچاغچیەتی.

زۆرێك لە وێنەی ئەواندا لە نێو کۆمەڵگای کوردی دا بوونیان هەیە، بەتایبەت لەنێو چینی لاواندا، بینەر هەست بەوە دەکات چۆن لەئەنجامی بێ کاری و گوزەرانی سەختی ژیان پەنا بۆ هەموو کارێکی شەرعی و نا شەرعی دەبەن بۆ ئەوەی بژین، تەنانەت زۆرێك لە ئافرەتەکانیش ئامادەی چاوپۆشینن لەشتە پیرۆزەکانی خۆیان لەپێناو پارەدا..

بەرجەستە کردنی زەمەن واقعێکی تفت و تاڵ نیشان دەدات لەوەی چۆن ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن دەستەیەك بازرگان و مافیاو قاچاخچیەو بەرێوە دەچێ، چارەنووسی ژیان و ئایندەی کۆمەڵگایەکیان بە دەستەو بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیانیان قۆرخ دەکەن، ئەو چینە هەژارە چۆن بەکاردێنن بۆ ململانێی یەکترو بەچ مەنهەجیەتێك پەروەردەیان دەکەن و بەچ ئاراستەیەك فێری تاوان و لادان لە یاساو بەکەم زانینی مرۆڤیان دەبەن. گەنجەکانی ئەو وڵاتە قوربانی بەخش و زەردەمەندی یەکەمن لەو زەمەنەدا، ئەوە هندرێنە خاوەن بڕوانامەیە لەحەماڵەکان دەپارێتەوە کاری بۆ بدۆزنەوە، ئەوە ئەو گەنجانەی ئایندەن، بوونەتە داردەست بەدەست مریەم خان بۆ ئەوەی کاری قاچاغ چیەتیان پێ بکات، ئەوە ژنەکەی هندرێنە بەهۆی بێکارییەوە مل کەچ دەکات بۆ رێشاردی بازرگان و خواستە قێزەونەکانی، دەیان نموونەی تر لەوێنای ئەو رۆژگارەو دەرهاوێشتەکانی بەسەر روخاندنی کۆمەڵگا لەرووە مرۆیی و ئەخلاقییەکانیەوە.

بەڵام دەربڕینی ئەو گوتارە کۆمەڵایەتیە سەختە، ئەوندە پەرش و بڵاو کراوەتەوە، وای لێ کراوە لەڕووی هونەرییەوە، بەها و دەلالەتە فەلسەفییەکانی خۆی لەدەست بدات، دەسەڵاتی دەرهێنەریش بۆ کۆنترۆل کردنی هەموو ئەو تەوەرە لەیەك چوونە لاواز بکات، خۆ ئەگەر دەرهێنەر لەسەر دوو لەو کۆمپانیانە بوەستایە، خۆی لەو پەرش و بڵاویە رزگار دەکردو ئامانجەکانی خۆشی رووننتر دەگەیاند.

قۆڵ بێتەوە، پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئەوانی تریشی هێنابوایە پێشەوە، بۆ ئەوەی ئەو سەر لێ شێواویەی بۆ بینەر دروست نەکردایە کە لەناو ئەو هەموو جەنجاڵیەدا دەوڵەت تێکەڵ کردووە بۆ یەکتر شکاندن و یەکتر لە ناوبردن، بەڵام تەرکیزی بنەڕەتی لە سەر (بزورگ ئاغا) یە کە بزوێنەری سەرەکی ئەو تەوەرەن و ئەوانی تر رۆڵێکی پێچ بەکار دێنێ بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی، بەڵام لە لایەکی تردا کەسێکی خوێندەوارە و بیر کراوەیە، کەسێکی خاوەن ئەزموونە لەژیاندا، شارەزایی باشی هەیە لە پیشەکەی



لەسێناریۆدا هێڵی درامی بۆ ڕەسم کردنی کەسایەتیەکان دارێژراون، بەڵام بەفۆرمێکی لاوەکی و رووکەش، نەدەکرا لەچەند ئەلقەیەکی دەست پێکدا تەواوی کەسایەتیەکان بەو پارچە پارچەیی و روو کەشی و پەلە پەلیە نیشان بدرێن، چونکە دەرفەتێکی ئێجگار زۆر لە بەردەم دەرهێنەردا هەبوون، کە لە ئەلقە سەرەتاییەکاندا لە کەسایەتیە سەرەکییەکاندا نەتوانێ تێنوویەتی خۆی بۆ ناسینی کاراکتەرەکان بشکێنێ.

زۆرینەی کاراکتەرەکان لێك دەچن و کۆمپانیای بازرگانیان هەیە، کێشەو ئاریشای پیشەکانیان لێکتر نزیکن، بۆیە ئەوانیش پێویستیان بەوە هەبوو بەیەك فۆرم دەرنەکەون. لە درامای (شەهرەزاد) بە هەمان شێوە چەند کۆمپانیایەك هەن کە رکابەری یەکتر دەکەن و دەستیان لە گەڵ سەرانی لاوەکی دەبینن.

هەندێ لەکەسایەتیەکان لەسەر حاڵەتێکی جێگیر نامێننەوە بۆ ئەوەی بینەر بەهۆی سەرنج و تێگەیشتنی خۆی لە سەر بونیات بنێت، بەڵکو هەندێ جار وێنەی دژ بەیەك لەو کەسایەتیانەدا دروست دەبێت.

(زوبێر) کەسێکی بازرگان و بەرژەوەند پەرستە، وەك هەموو بازرگانەکانی تر رێگەی پێچاو خۆیدا، ئەو سروشتی وایە کەلە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا حەز بەجیاوازی چینایەتی ناکاو بەها مرۆییەکان بەگەورەیی دەبینێت، هەڵسووکەوتی لەگەڵ کچەکەی، هەڵسووکەوتێکی شارستانیە، هەمیشە تێڕوانینی جوانی پێ دەبەخشێت بەرامبەر بەخۆشەویستی راستەقینەو بیرکردنەوە لە ژیان و ئایندەی خۆی، تەنانەت ئەو واقیع بینیەی هەیەتی وای لێ دەکات زۆر جاران کچە خۆشەویستەکەی بەدڵ رەق ناوی بەرێت، چونکە تێڕوانینی بۆ هۆکارو لێکتر جیا بوونەوەی لەگەڵ ژنەکەی، دوای تەمەنێکی دوورو درێژی ژیان لەگەڵ یەکترو منداڵ هێنانەوە جیاوازە لەگەڵ تێڕوانینە سۆزداریەکەی کچەکەی کە بەهزرێکی هەرزەکارانەو سەرپێییانە تێی دەڕوانێ، هەتا لەپرسی بازرگانیشدا هەوڵی ئەوە دەدات نەرمی بنوێنێ لەگەڵ کۆمپانیا هاوبەشەکانی تر، بۆ ئەوەی تەماعکارانە کار نەکاو هەندێ جار سازش لەسەر قازانجی زۆر دەکات، لە بری زامن کردنی بەرژەوەندییە گەورەکانی.

ئەوەی لەکەسایەتی زوبێردا پێشبینی دەکرا ئەوەبوو کە مەرج نیە هەموو سەرمایەدارەکان کەسێکی نەگەتیف بن لەکۆمەڵگادا، بەڵام ئەویش پەنای بۆ ناشەرعیەت و قاچاخچیەتی و مل شکاندنی ئەوانی تر برد و ئەو پێشبینیەی بینەر لە بارچوو بۆ ڕەسمی ئەو کەسایەتیە.

پاشان زوبیر گوایە کەسێکی خوێندەوار بوو، چۆن کەسێکی نەناسراوی وەك (سەنگەری) ی ئەڤیندارای کچەکەی بە هەزاران دۆلار لەدەستی مافیاکان رزگار کردو خۆشی خستە سەختترین مەترسی، ئایا ئەوە چ لۆژیکیکە پیاوێك بەو تەمەنە ئەو هەموو قوربانی و سەرکێشیە ئەنجام بدات بۆ کەسێك نەی دیوەو نەی ناسیووە، بۆ خاتری راگرتنی دڵی کچەکەی کە چەند رۆژێکە پەیوەندی دڵداری لەگەڵ بەستووە؟

لاوازی زوبێر زێتر لەوەندە دەردەکەوێت، کاتێ بەبێ هیچ پاساوێك ئەوەندە لە رێشارد دەترسی و نیوەی قازانجەکەی لەگەڵ بەش دەکات بێ ئەوەی بینەر بزانێت رێشارد کە پیاوێکی وەك ئەو بازرگانەو لە دەوڵەت هیچ ئیعتبارێکی جیاوازی نیە بۆ دەبێ زوبێر ئەوەندە لاواز بێت بەرامبەری؟

تە نانەت کاتێ رێشارد قۆڵ لە قۆڵی دارەوانی هاوبەشی دەکاو هەڕەشی لێ دەکا، زوبێر هیچ هەڵوێستێکی نابێ و دەڵێ چی بکەم هاورێ ی منالیمە، ئەم چەند هەڵوێستە زوبێر لاواز دەکات و بینەر بڕوا بەکەسایەتی موزییەفی ئەو نەهێنێ.

دواتر ئەو نهێنیانەی زوبێر دەیشارێتەوە لەو دیمەنانەی ناو ئۆتۆمبیل لەگەڵ پیاوە بەکرێ گیراوەکان و ئەو پیلانانەی دایدەڕێژێ، دیسان زوبێر لەپێستی ئەو پیاوە رۆشنبیرو دنیا دیدەیە دەردێنن کە لای بینەر پێیەوە ناسراوە، کەواتە دەبوا زوبێر یەکێك بوایە لەوان، یان خوێندەوارو مرۆڤ، یا بازرگانێکی تەڵەکەبازو قاچاغ چی.

رزگار باهیر (زوبێر) لەرووی نواندنەوە، ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموونە و ئەدایەکی جوان نیشان دەدات بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵەکەی، هەڵسووکەوتی لەگەڵ کامێرادا هەڵسووکەوتێکی سروشتییەو هەست بەهیچ گرژی و زێدە رۆییەك ناکرێت، ئەمە وای کردووە ستاتیکایێکی جیاواز بە فۆرمی نواندن ببەخشێت بینەر سۆزی زیاتری هەبوو بۆ مانەوە لەگەڵ ئەو ئەکتەرە، ئەمە نهێنی سەرکەوتنی ئەوە لە رۆڵەکەی دا، دەرفەتی زۆر هەبوو بۆ قۆڵ بوونەوە بە ناو کاراکتەرەکەی، بەتایبەت بۆ دروست کردنی چەند دیمەنێکی باگ راوند بۆ رابووردووی زوبێر لەگەڵ ژنەکەی، چونکە بینەر هەست بە بۆشاییەك دەکات لە ون بوونی ئەو رابووردووە بەوێنەو روداو، ئەو باگ راوندە ئەگەر بایەخی پێ درابوایە، بینەر زێتر ئاشنا بە زوبێر دەبوو، زێتریش چێژی لە نواندنەکەی وەردەگرت.

کۆچیرۆکی شەوێکی ئەنفال



ئاکۆ عەبدوڵا


ساڵی رابردوو بە تیراژی ١٠٠٠ دانە لە چاپخانەی شەهابی شاری هەولێر، کۆ چیرۆکی شەوێکی ئەنفال چاپکرا. ئەو بەرهەمە لە نووسینی عەبدولڕەحمان کاکلە. بیست و چوار کورتە چیرۆکی گرتۆتەخۆ کە لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو نووسراون و ڕەنگدانەوەی ئەو ناخۆشیانەن کە ئەوسا کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشەی کە نووسەر تێیدا ژیا، لە رووەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینی، ئەوە جگە لە ناخۆشیە تاڵەکانی قەیرانە ئابووریەکانیش، بە دەرەکی و ناوخۆیەکان. بێگومان هەموو ئەو هەژمونانە وەهایان کرد ژیان لێرەدا تا ئەوپەڕی سەخت بێت. نەك تەنیا بەشێکی زۆر لە تاکەکان، بەڵکو زۆر خێزانیش سەر هەڵبگرن و رێگەی هات و نەهاتی ئاوارەیی و پەڕاگەندەیی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوسترالیا ببڕن. لەناو چیرۆکیەکانی ئەو کۆمەڵەیەش نەك سنوور رێگرە لە مرۆڤ بەڵکو پەڕەسێلکەشی گرتۆتەوە.

لە دوای کورتە چیرۆکەکانی ئەو بەرهەمە، خوێندنەوەی هەریەك لە (دکتۆر مارف خەزنەدار) و (سەلاح عومەر) و (سابیر رەشید) یش بۆ ئەو بەرهەمە دەبینرێ کە دیارە بە دەستنووس بینیویانە. خوێندنەوەکانی ئەوانیش لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکان بووە، کە لەناویاندا هەریەکەیان بە بۆچوونی خۆیان، لە تەرازوی هونەری کورتە چیرۆك، شرۆڤەیان بۆ کردووە.

بەشی زۆری کورتە چیرۆکەکانی ناو ئەو بەرهەمە بریتییە لە دیالۆگ لە نێوان دوو کەسی ناداری دژ بەیەك لە روانین. بە جۆرێك کە لێپرسینەوە و لەبەرامبەریشدا پەشیمانی لە سەرهەڵگرتن دەبینرێ.

کەسی یەکەم بەرگەی سەختییەکانی گرتووە و زۆربەی جاریش بە تورەیی قسە دەکات. بەرامبەرەکەشی دوای گەرانەوەیەکی شکستخواردوو، وەك پەشیمانێکی سەرلێشێواو دەردەکەوێ.

ئەویان رەنگدانەوەی ئەو بارە سەختەیە کە ئەوسا واهای کرد مرۆڤی کورد لە خولگەیەکی لێل و ناڕێك و بەرچاونەدیوو و بێئومێدانە سەرهەڵگرێ. بە دوای ئازادی و دواتریش ناسنامە، وەك مرۆڤ بگەڕێ. بەو خەیاڵەی هەتا ئەڵێشم.. بۆ نامبووری.. حەقە بمبووری؟



لە چیرۆکی (لە هەولێرەوە تا .....!) هەمان باسی خستۆتەڕوو، باسی سەرهەڵگرتن و نامۆبوون لە دووڕەوە، بەڵام ئەو جارە لە بەرگێکی دیکەدا. باوکێك دوای ڕاپەڕینەکە، لە برسان کچەکەی خۆی بە ناوی بە شوودان، دەفرۆشێ، ئەوانیش دەیبەنە بالەخانەیەکی شارێکی تورکیا و کچە هەر چاوەڕێی زاوای دەکات، کەچی داوێنپیسێك تێیدەئاڵێ.

تەنانەت لە چیرۆکی (شەوێکی ئەنفال)یش کە ناونیشانی ئاسوودەیی ژیان جێیهێشتووە. بەو جۆرەش باسی مایەپوچی سەرهەڵگرتنەکەی دەکات (ئەوە جەستەی خۆم نییە، ئاخر ئەوروپا هەمووی ساردە کەشوهەوای.. ویژدانی.. خوێنی...دڵی. تەنها تیاترۆکانی گەرمن...!) دواتر دیالۆگەکان بەوە دەگات

- لەبیرتە؟
- چاك
- ئەدی بۆ نامۆییم لێ دەکەی؟
- نەدەبوو هەڵفڕی
- هەقتە. ئاخر من لە تۆ نا لە شەڕ هەڵاتم.. شەڕ بێزاری کردم.. هەموو شتی تێکدا، هەتا ئەڵێشم.. بۆ نامبووری.. حەقە بمبووری؟

لە چیرۆکی (لە هەولێرەوە تا .....!) هەمان باسی خستۆتەڕوو، باسی سەرهەڵگرتن و نامۆبوون لە دووڕەوە، بەڵام ئەو جارە لە بەرگێکی دیکەدا. باوکێك دوای ڕاپەڕینەکە، لە برسان کچەکەی خۆی بە ناوی بە شوودان، دەفرۆشێ، ئەوانیش دەیبەنە بالەخانەیەکی شارێکی تورکیا و کچە هەر چاوەڕێی زاوای دەکات، کەچی داوێنپیسێك تێیدەئاڵێ.

تەنانەت لە چیرۆکی (شەوێکی ئەنفال)یش کە ناونیشانی

بارسا و یۆڤی رێککەوتن



خەبات سوارن سلێمان

تۆری سکای سپۆرتی ئیتالی بڵاویکردۆتەوە کە یانەی یۆڤینتۆسی ئیتالی لەگەڵ یانەی بارسای کەتەلۆنی گەیشتوونەتە رێککەوتن لەسەر گرێبەستی ئارسەر میلۆ یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی بارسا بە بڕی 80 ملیۆن یۆرۆ بۆ ئەوەی یانەی یۆڤی بتوانێت ئەو یاریزانە بەرازیلیە بباتە ریزی یانەکەی بۆ وەرزی داهاتوو، بۆ ئەمەش ماوریسیۆ ساری راهێنەری یانەی یۆڤینتۆسی ئیتالی لەبەرامبەر بەدەستهێنانی ئارسەر بە گۆرینەوەی یاریزانێکی خۆی بۆ یانەی بارسا کە ئەویش میرالم بیانیچە یاریزانی هێڵی ناوەراست، و هەروەها تۆری سکای سپۆرتی ئیتالی ئاماژەی بەوەشداوە کەوا پەیوەندییەکی زۆر باش لەنێوان یانەی بارسا و یۆڤینتۆس هەیە بە تایبەتی دوای گۆرینەوەی ئارسەر میلۆ لەگەڵ میرالم بیانیچ ، ئارسەر میلۆ لەم وەرزەدا بەشداری لە 23یارییدا کردووە بە درێسی بارساوە و هەروەها 4 گۆڵیشی بۆ یانەکەی تۆمارکردووە .

دێخیا باشترین گۆڵپارێزی جیهانە


سۆڵشایەری راهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتد پشتیوانی لە گۆڵپارێزی یانەکەی دەکات و رایگەیاند: دێخیا تا ئێستاش باشترین گۆڵپارێزی جیهانە.

دوای ئەوەی دێخیای گۆڵپارێزی ئیسپانی و یانەی مانچێستەر یونایتد تووشی رەخنەیەکی زۆربۆوە و لە زۆرێک لە میدیاکان باس لە دابەزینی ئاستی ئەو گۆڵپارێزە دەکرێت، راهێنەری مانچێستەر یونایتد لەبارەی دێخیا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی گووتی: دێخیا باشترین گۆڵپارێزی جیهانە، چەندین جار ئێمەی لە شکست رزگار کردووە، بەهۆی لێهاتوویی گۆڵپارێزە ئیسپانییەکەوە چەندین یارییمان بردووەتەوە، ئێستاش پێمایە باشترین گۆڵپارێزی جیهانە.

سۆڵشایەر راهێنەر وتیشی: دێخیا زۆر بە پەرۆشە بۆ راهێنان و هەمیشە هەوڵ دەدات باشترین ئاست پێشکەش بکات، هەرگیزیش نەمدیوە هەڵەکانی چەند بارە بکاتەوە. دڵخۆشیشم بە ئاست و ڕەفتارەکانی.

دێخیای ئیسپانی بە یەکێک لە گۆڵپارێزە نموونەییەکانی جیهان دادەنرێ و لە چەند ساڵی رابردوودا ئاستی زۆر باشی پێشکەشکردووە، یانەی ریاڵ مەدرید چەندین وەرز لە هەوڵی گواستنەوەی ئەو گۆڵپارێزەدابوو، ئێستاش بەهۆی چەند هەڵەیەکی لە یارییەکان، تووشی رەخنەی زۆری ڕۆژنامەنووسان و هاندەران بۆتەوە.

جۆکۆڤیچ تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو



ئەنجامی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بۆ یاریزانی تێنسی سەرزەوی بەرەچەڵەک سڕبی، نۆڤاک جۆکۆڤیچ و هاوسەرەکەی پۆزەتیڤ دەرچوو و ئەنجامی پشکنینی منداڵەکانیان نێگەتیڤ بوو.

لە پاش تووشبوونی یاریزانی تێنسی بولگاری، گریگۆر دیمیترۆڤ و یاریزانی کرواتی، بۆرنا کۆریچ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، ئەو دوو یاریزانە بەشداربیان لە گەڕی ئادریای تێنس کردووە کە لەلایەن وەفقی نۆڤاک جۆکۆڤیچ رێکیدەخات، لە بەڵگراد پایتەختی سربیا ئەنجامی تێستی ڤایرۆسەکە بۆ جۆکۆڤیچی تەمەن ٣٣ ساڵان کرا و دەرچوونی ئەنجامەکەی بە پۆزەتیڤ راگەیەندرا.

ئەو پاڵەوانیەتییەی کە لە کرواتیا و سربیا بەڕێوەچوو و کراوە بوو بۆ ئامادەبووان، بووە جێگەی ڕەخنەیەکی زۆر.

ئەنجامی پشکنینی ئەلیکساندەر زیڤریڤ و ماریا کیلیج کە دوو بەشداربووی دیکەی پاڵەوانیەتییەکە بوون، بە نێگەتیڤ دەرچوو.

پاش راگەیاندنی تووشبوونی دیمیترۆڤ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، یاری کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە کە وا بڕیار بوو لە کڕواتیا بەڕێوەبچێت، هەڵوەشێنرایەوە.

بایرن

حەزناکات لۆکاس بداتە رکابەرێکی ئەورووپی

بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا ، یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی دوو دڵە لە سەرەتای کردنەوەی بازارەکانی گواستنەوەدا لە فرۆشتنی لۆکاس هیرناندیز بۆ یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی.

یانەی باڤاری بڕی 80ملیۆن یورۆی دەستنیشانکردووە بۆ دەستبەردابوون لە لۆکاس، کە یانەی سان جێرمانی فەرەنسی چەند جارێکە داوای لە بەرپرسانی یانە ئەڵمانییەکە کردووە ئەو یاریزانە بباتە ریزەکانییەوە، بەڵام بایرن دوودڵە و حەزناکات لەخزمەتەکانی ئەم ئەستێرەیە دابڕێت، بەتایبەتیش کە یانەیەکی رکابەری ئەورووپی داوای کردووە.

ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بەچەند بیانوویەک کردووە کە دەریدەخات یانەی بایرن نایەوێ دەستبەرداری ئەو یاریزانە بێت، هەربۆیشە نرخەکەی لەم کاتەی ئێستادا زۆرە و لەلایەکی دیکەشەوە رایگەیاندووە کە ئەوان هیچ کاتێک حەزناکەن یاریزانەکانی بفرۆشێتە ئەو یانانەی کە لە خولەکانی ئەورووپا رکابەرینە.

سێ یاریزان و راهێنەرێکی سان جێرمان تووشی کۆرۆنا بوون



هەواڵەکان لە فەرەنسا بڵاویان کردەوە کە سێ یاریزان و راهێنەرێکی یانەی پاریس سان جێرمان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

یانەی پاریس سان جێرمان لە پێگەی فەرمی خۆی بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی یاریزان و راهێنەرەکە بدات، رایگەیاند کە 4 ئەندامی انەکەیان کە بریتین لە 3 یاریزان و راهینەرێک تووشی ڤایرۆسی کۆڤید 19 هاتوون و ئێستا ئەوان لەژێر چاودێریدان لە نەخۆشخانە.

جێی باسە ولاتی فەرەنسا یەک لەو ولاتانە بوو کە بەشیوەیەکی بەربڵاو ئەم پەتایەی تیادا بڵاوبۆوە و هەر ئەمەش وای لە سەرۆک ووزیرانی فەرەنسا کرد بریار بدات هەموو چالاکییەکی وەرزشی رابگیرێت، بەمەش خولی فەرەنسا بەر لەتەواوبوونی کۆتایی پیهینرا و نازناوەکە درایە ئەو یانەیەی کە ئێستا سێ یاریزان و راهێنەریکی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

بەرشلۆنە نرخی تۆدیبۆ دیاری دەکات



ڕۆژنامەی ئەڵمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی هەندێ وردەکاری گرنگی لەبارەی گواستنەوەی تۆدیبۆی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە کە بەخوازراو چووەتە شالکە بلاوکردەوە کە بەنیازە یانەی ناپۆلی ئیتالی بیکڕێت.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەگەر بەرگریکاری کۆلیبالی بچێتە یانەی مانچستەر یونایتد، ئەوا یانە ئیتالییەکە دەیەوێت تۆدیبۆ بباتە ریزەکانییەوە، لەولاشەوە یانەی بەرشلۆنە بەڕێوەبەری کاروبارەکانی تۆدیبۆی ئاگادارکردۆتەوە کە نرخی ئەو یاریزانە 25ملیۆن یورۆیە، ئەم نرخەی بەرشلۆنە دوای ئەوە دیت کە جگە لەیانەی ناپۆلی، یانەی واتفۆردی ئینگلیزیش چاوی بڕیوەتێ و بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە بەڕێوەبەری کاروبارەکانییەوە کردووە.

ئەم وەرزە بۆ ئەگوێرۆ کۆتایی هات

سێرجیۆ ئەگوێرۆ دوای ئەوەی لە یاری بەرامبەر بێرنلی توشی پێکان هات، پشکنینەکان دەریانخست تا کۆتایی وەرز ناتوانێت بگەڕێتەوە یاریگاکان.
لە بەیاننامەیەکی یانەی مانچێستەر سیتیدا بڵاوکراوتەوە: سێرجیۆ ئاگوێرۆ لەسەر ئاستی ئەژنۆی چەپی تووشی پێکان هاتووە، بۆیە هێرشبەری دیاری یانەکە بۆ شاری بەرشلۆنە گەشت دەکات، بەمەبەستی پشکنینی زیاتر لەلای پزیشکی بەنێوبانگ رامۆن کۆجات. لە کۆتایی بەیاننامەکە یانەکە هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ ئاگوێرۆ دەخوازێت.
ئەگوێرۆ دوای ئەوەی لە دوایاری یانەکەی بەرامبەر بێرنلی توشی پێکان بوو، پشکنینەکان ئاماژە بەوەدەکەن ئەو یاریزانە پێویستی بە نەشتەرگەری لە چۆکی چەپی هەیە و بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ولاتی ئیسپانیا دەکات. وا چاوەڕوان دەکرێ ئەو یاریزانە تا کۆتایی وەرز



لیقەرپوول دێمبێلێ دەوێت

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاشکرایان کرد، کە یانەی لیقەرپوولی ئینگلیزی سوورە لەسەر گرێبەستکردن لەگەڵ عوسمان دێمبلێیی یاریزانی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی.
لیقەرپوول دوای ئەوەی نەیتوانی تیمۆ ڤێرنەری هێرشبەری ئەڵمانی بباتە ریزەکانی، بڕیارداوە هەموو هەوڵێکی بخاتەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی عوسمان دێمبێلیی فەرەنسی.وەک باسدەکرێ یانەی لیقەرپوول سەرەتا دیەوێت دێمبێیلی رازیبکات، دواتر بچێتە دانوستان لەگەڵ بەرشلۆنە و یانە ئینگلیزیەکە بڕی ٥٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ گرێبەستەکە ئامادەکردووە. لیقەرپوول ئامادەشە سالانە ١٠ ملیۆن یۆرۆ وەک مووچە بداتە دێمبێلی.
لە ماوەی رابردوودا بەهۆی پێکانە یەکلەوایەکەکانی، یانەی بەرشلۆنە نەیتوانی وەک پێویست سود لەتواناکای دێمبێلی وەربگرێ و هەرئەوەش هۆکارە بۆ فرۆشتنی ئەو یاریزانە.

ڕۆنالدۆ: ڤیدال لە هەموو یانەیەک دەتوانێت یاری بکات

ڕۆنالدۆی بەرازیلی ڤیدال بە یاریزانێکی نموونەیی وەسف دەکات و ئاماژە بەوەدەدات کە ڤیدال لە هەریانەیەک یاریبکات بوونی خۆی دەسەلمێنێت.
ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاوی کردەوە، ڕۆنالدۆی دیارە لەبارەی ڤیدال دەڵێت: ئەرتۆل ڤیدال یاریزانێکی نموونەییە و دەتوانێت لە هەر یانەیەک بیەوێت لە دنیادا بە باشترین ئاست یاری بۆبکات. هەروەها ڕۆنالدۆ لەبارەی ڤیدالەوە دەشڵێت: ڤیدال هەرچەندە لە بەرشلۆنە بەشێوەیەکی سەرەکی یاریناکات، بەڵام هەرکاتێک بەشداری پێدەکرێ باشترین ئاست پێشکەشدەکات کە جێگەی سەرسوڕمانە.
ئارتۆل ڤیدالی ٣٣ ساڵی چیلی و یاریزانی یانەی بەرشلۆنە، دەنگۆی ئەوە هەیە لە کۆتایی وەرز یانەکەی بۆ هەریەک لە یانەکانی یۆڤانتۆس یان ئینتەرمیلان جێبهێڵێت.

یۆڤی دابەزینی بریمن دەقۆسێتەوە

هەندێ لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا بڵاویان کردەوە کە یانەی یۆڤینتۆس زۆر لەوە نزیک بۆتەوە ئەستێرەیەکی یانەی ڤیردەر بریمن بباتە ریزەکانیەوە، بەتایبەتیش لەوەی کە یانە ئەڵمانییەکە لە لیتواری کەوتنەخوارەوەیە بۆ ریزی یانە پلە دووەکان.
یۆڤینتۆسی ئیتاڵی چاوی لەوەیە کە ئیرین دینکسی تورکی تەمەن 18ساڵ بباتە ریزەکانیەوە و ئەو بارودۆخەی بریمنی قۆستۆتەوە و دەرفەتێکە کە ئەو یاریزانە بباتە ریزەکانیەوە، چونکە بە دابەزینی ئەو یانە ئەڵمانیە، ئیتر ئەو ئەستێرە تورکیە سوور دەبێت لەسەر ڕۆیشتن و دەیەوێت پارەو ناوبانگی زیاتر پەیدا بکات، بەتایبەتیش لەوەی دینکس 22گۆڵی تۆمارکردووە و 12 گۆڵیشی لە خولی لاوان دروست کردووە.

یۆڤانتۆس دووبارە بیر لە زێدان دەکاتەوە

یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی دووبارە بیر لە هێنانی زێدان وەک ڕاهێنەر دەکاتەوە و بەرپرسانی یانەکە دەیانەوێت لە وەرزی داهاتوو ئەو ڕاهێنەرە بکەنە ڕاهێنەری یانەکەیان.
بەپێی هەواڵێکی (دیفینسا سێنترال)ی ئیسپانی، بەرپرسانی یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی، گرنگی بە هێنانی ڕاهینەری ئێستای یانەی ریاڵ مەدرید زێنەدین زێدانی فەرەنسی لە وەرزی داهاتوو دەدەن. یۆڤانتۆس دەیەوێت کەڵک لە ئەگەری چوونە دەرەوەی ریاڵ مەدرید لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا یان ویستی زێدان لە وازهێنان لە ڕاهێنەرایەتی ریاڵ مەدرید وەربگرن، و بۆ وەرزی داهاتوو لە گواستنەوەی هاوینە ئەو ڕاهێنەرە فەرەنسییە پەلکێشی یەنەکەیان بکەن و بیکەنە شوێنگرەوەی ڕاهێنەری ئێستایان.
یانەی یۆڤانتۆس لە جامی ئیتاڵیا لەسەر دەستی یانەی ناپۆلی کرایە دەرەوە. وەک ڕۆژنامە ئیسپانیەکە ئاماژەی پێداوە، بەرپرسانی یانەی یۆڤانتۆس چاوەڕێی خولی ئەو ولاتە دەکەن، لەئەگەری بەدەست نەهێنانی ناسناوی خولەکە وازهێنان لە ساری ئەگەرێکی کراوەیە و لە ئێستاشەوە یانەکە بیر لە توانا کانی زێدان دەکاتەوە.



بۆندێسلیگا بە 4.4 ملیار یورۆ فرۆشرا

خەبات: سولێن سلێمان

یەکگرتووی تۆپی پێی ئەڵمانیا ئەوەی ئاشکراکرد کە دەستەی بەڕێوەبردنی خولی بۆندێسلیگا بە بڕی 4.4 ملیار یۆرۆ فرۆشرا کە دەکاتە 4.95 ملیار دۆلار بۆ ماوەی چوار وەرز تا ساڵی 2022-2020؟
هەروەها تۆپی پێی ئەڵمانیا ئاماژەی بەوەش داوە کە چەندین کەنالی نێوخۆیی مافی گواستنەوەی یارییەکانی بۆندێسلیگایان پێبەخشراوە ئەوانیش تۆڕی سکای سپۆرت کە پێشەنگی هەموو یارییەکانی ڕۆژانی شەممەی خولەکەی بردۆتەوە و تۆڕی دازۆنیش پێشەنگی هەموو یارییەکانی ڕۆژانی هەینی و یەکشەممەی بردۆتەوە هەروەها کەنالی سات 1یش پێشەنگی هەموو یارییەکانی بە شێوەیەکی زیندو دەگوازێتەوە بۆ هەموو وەرزەکان.
هەرچەندە ئەم ڕێکەوتنە نوێیەی لەگەڵ ڕێکەوتنەکەی پێشوودا جیاوازی هەبوو چونکە بڕی 200 هەزار یورۆ کەمیکرد بوو هۆیەکەشی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بوو ، کریستیان زایفێرت سەرۆکی دەستەی بۆندسلیگا گوتی: بڕی1.1 ملیار یۆرۆ بۆ هەر ساڵێک لە18 سەرچاوە وەردەگیرێت بۆ ئەو یاریانەی کە مافی گواستنەوەی ڕاستەوخۆیان بەدەستهێناوە، هەرچەندە فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەڵمانیا بەهۆی قایرۆسی کۆرۆناوە دەیانویست ئەم فرۆشتنە ماوەکەی درێژتر بکەنەوە بۆ ئەوەی نرخەکەی بەرزتر ببێت.



دۆناڕۆما میلان جێدەهێڵێت

جیان لویجی دۆناڕۆما، گۆڵپارێزە بەتواناکەی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی، گرێبەستەکەی لەگەڵ میلان نوێ نەکردووەتەوە و دەنگۆ هەیە یانەکە جێبهێڵێت. ڕۆژنامەی (توتۆسپۆرتتاوەکو ئێستا سەرکەتوو نەبونە وهۆکارەکەش ئەوەیە ئەو گۆڵپارێزە دەیەوێت یانەکەی جێبهێڵێت، ئەمەش هاندەرانی ئەو یانەیەی نیگەران کردووە و داوایان لە کارگێری یانەکەیان کردووە بە هەر شێوەیەک بێت پێویستە گرێبەستی ئەو گۆڵپارێزە نوێ بکرێتەوە. چەند هەفتەیەک لەمەبوبەر سەرچاوەکانی نزیک لە یانەی ئەیسی میلان بڵاییان کردەوە کە یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی هەوڵی گواستنەوەی دۆناڕۆما دەدات و چاوەڕێی وەڵامی ئەو گۆڵپارێزە لاوە دەکەن.
ی) ئیتاڵی بڵاویکردووە، کارگێری ڕۆسۆنێری چەند جارێک هەوڵیانداوە گۆڵپارێزەکەیان رازی بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی بدەن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.25. Jun. 2020 No: (5961)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەری کوردی بە تەواوی شێوەوە

ڕەحیم ڕەزا ڕەحمان بۆ «خەبات»: هونەری ئێستە بۆتە بازرگانی نەک هونەر





دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

باڵەبان یەکێک لەئالەتە موزیکە نایابەکانی بواری هونەر، کەروحی کلتور بەگۆرانی و هونەر دەبەخشێت،بۆ شارەزابوون لەسەر ئەم ئالەتە ئەم دیمانەیە لەگەڵ بەڕێز(ڕەحیم ڕەزا ڕەحمان)بخوێنەوە . کە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی شارەزاییەکی باشی لەو ئامێرە موزیکیەدا هەیە:

باڵەبان لەکوێی موزیک لەڕووی ئەکادیی جێگای بۆتەوە؟

باڵەبان لەلای هەموو نەتەوەکان جێی بۆتەوە بە تایبەتی لە ئاکادیمیدا زۆر پەڕەی پێدراوە.

تا چەند باڵەبان ڕووحی کلتور بەگۆرانی دەبەخشێت ؟

تاڕادەیەکی زۆر زۆر ڕووحی کلتور ڕەسەنایەتی بە گۆرانی دەبەخشێت بە جۆرێک هەرکەس گوێبیستی بێت دەزانێت کە ئەم بەرهەمە کوردیە.

دەگوترێت تاکە ئالەت کە بۆتە هۆی مانەوەی ڕەسەنایەتی لەگۆرانی کوردی باڵەبانە ئەمە ڕاستە؟

بەڵێ تاڕادەیەکی زۆر ئەمە دروستە بەڵام بە هاوشانی ئەم ئامێرە ئامێری (شمشاڵ) و (زەرب) ی کوردی ڕەسەنن.

مەرجە لەهەموو گۆرانیەک باڵەبان لێبدرێت؟

بەڵێ بۆ هەموو گورانیە کوردیەکان،پێویستە باڵەبان لێبدرێت

چ گلەییەکت لەهونەری گۆرانی کوردی هەیە؟

وەک گلەیی، گلەیی زۆر زۆرم هەیە چونکە هونەری کوردی بە تەواوی شێواوە

تاچەند لەگەڵ ئەوەی ئافرەتان لە کلیپ بەکاردەهێندرێت بۆ سەرنجڕاکێشانی گوێگر؟

تاڕادەیەک ئەگەر لە سنووردا بێت نەک بۆ ئەوەی گوێگر لەبەر قیدۆی گۆرانی تەماشای بکات

هۆکارچییە گۆرانی ئێستا بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر زار نامێنێتەوە؟

لەبەرئەوەی هونەری ئێستە بۆتە بازرگانی نەک هونەر، جاران هونەر بۆ شادی و خۆشی دەگوترا

ئەم ئامێرە چۆن و کەی هاتۆتە ناو بواری هونەرەوە ؟

ئەم ئامێرە زۆر زۆر لەمێژە لە ناو مرۆڤدایە لە نێوان دروستبوونی مەسیح و یان زەردەشت یان پێش مەسیح پەیدابووە

خاوەنی چەند بەرهەمیت؟

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمێکم بەڵام دەرفەت نەبوو بۆ ڕیکۆرد بەڵام عاسف کراوە

چ پرۆژەیەکت هەیە بۆ ئایندە؟

پرۆژەی من بۆ ئایندە ناساندنی هونەرو کلتوری خۆمان بە خەڵک فێرکردنی منداڵە کافان بە ئامێرە کوردیەکان.

ناسا یەکەم فڕۆکەی کارەبایی ئاشکرا دەکات



کارگێڕی فڕین و بۆشایی ئاسمانی ئەمریکی ناسا شۆڕشێکی نوێی لە جیهانی فڕۆکەوانی ئاشکرا کرد، کاتێک یەکەم فڕۆکەی کارەبای ئاشکرا کرد لە تاقیگە بەناوبانگەکەی لە بیابانی کالیفۆرنیا کە بەتەواوەتی بە کارەبا کار دەکات.

ناسا فڕۆکەکەی کە لە جۆری «X57-Maxwell» ئاشکرا دەکات کە هەتا ئێستا کار لەسەر بەڕەو پێش بردنی دەکات و لە ساڵی 2015دەستی بە دروستکردنی کردووە و چاوەڕوان دەکرێت ساڵی داهاتوو یەکەم گەشتی تاقیکردنەوە ئەنجام بدات دوای ئەوەی گەورەترین بزوێنەری لە نێوان 14 بزوێنەری کارەبای بۆ ئامادە دەکرێت و ناسا لە ئێستادا دەڵێت ئێکس 57ماکسویل وەک دەسپێک ئامادەیە .

کارگێڕی فڕۆکەوانی ناسا بەشێوەیەک ئەو ئامێرەی بەرەو پێش بردووە کە ڕێگە بە ئەندازیارە فڕۆکەوانیەکان بدات بزانن چۆن فڕۆکەکە کار پێبکەن پێش ئەوەی ئامادە بکرێت بۆ فڕین بۆ ئەوەی شارەزایی کار پێکردنی بەدەست بهێنن هەتا بەتەواوەتی ئامادە دەبێت بۆ گەشت کردن.

ئێکس 57ماکسویل گرنگترین ڕووداوی زنجیرە کارەکانی دروستکردنی فڕۆکەیە لەدوای دروستکردنی بیل ئێکس 1کە شێوەی لە فیشەک دەچێت بەربەستی دەنگی بۆ یەکەم جار شکاندووە و فڕۆکەی موشەکی ئێکس 15 نیل ئیرمسترونگە .

فڕۆکەی ئێکس 57ماکسویل یەکەم فڕۆکەی ناسایە کە لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو دروست دەکرێت. برنت کوبلی بەڕێوبەری پرۆژەی سەنتەری ئیرمسترونگ بۆ تۆێژینەوەی فڕۆکەوانی سەر بە ناسا دەڵێت: ئەو فڕۆکەیە دوو باڵی بچوکی و سوکی هەیە لەڕووی کێشەوە و 14بزوێنەری کارەبایی و 10بزوێنەری پاڵنەری بەرزکردنەوە هەیە.

کوبلی وتیشی: چونکە سیستەمی بزوێنەرە کارەباییەکان بچوکترە لە ڕووی قەبارەوە و بەشی جوڵێنەری کەمی هەیە کێشی فڕۆکەکە لە فڕۆکەکانی تر کەمترە و بۆ نۆژەنکردنەوە ئاسانترە و وزەی کەمتری پێویستە بۆ فڕین و بێ دەنگترە لە فڕۆکەکانی تر.

ئەو ئالنگاریەی ڕووبەڕوی ئەو فڕۆکەیە دەبێتەوە لە ئێستادا کە چۆن بتوانێت باشتر وزەی بارگاوییەکانی هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی وزەی زیاتری هەبێت و بتوانێت مەودای زۆر لە ئاسمان ببڕێت و بفڕێت و بتوانێت زووتر بارگاوییەکانی شەحن بکرێتەوە و لەگەڵ هەبونی ئەو ئالنگاریە لە ئێستادا ئێکس 57ماکسویل بە شێوازێکە تەنها دەتوانێت گەشتی مەودا کورت بکات.

هونەرمەند لینا عوسمان:

هونەر هەر بەردەوام دەبێت و شانۆکار بە ئێوەوە جوان و بە چێژە



دیمانە: پەریهان عومەر

لینا عوسمان لەدایکبووی ساڵی (1988) سلێمانی، لەساڵی (2010-2011) پەیمانگای هونەرە جوانەکانی / بەشی شانۆی تەواو کردووە ، لەساڵی (2015 - 2014)کۆلێژی هونەری لە شاری دهۆک تەواو کردووە.

لە پرسیاری ئەوەی ئایا لە ئێستادا شانۆی کوردی لە چ ئاستێک دایە؟ هونەرمەند لینا بۆ خەبات گوتی: بەداخەوە ئەتوانم بڵێم بەر لەم وەزعەی ئێستا شانۆ ڕوویەکی باشی هەبوو لەخۆپیشاندانی هێزی خۆی بەڵام بەهۆی ئەوەی نە شانۆ نە لایەنە هونەرییەکان هیچ کەسێک پشتیان ناگرێ بەردەوام ڕووخان ئەچێ بە تایبەت بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە کارەکان خراپتر بوون.

هەروەها لە بارەی ئەوەی لەم وەزعەی ئێستا کە ڤایرۆسی کۆرۆنایە کاریگەری هەبووە بەسەر کارەکانی ئێوە؟ لینا بۆ خەبات گوتی:

بە دڵنیاییەوە ئەم ڤایرۆسە کاری لە هەموو کایەکان کردووە بەهیوام زوو تێپەڕێنین.

چیت هەیە بۆ هەوادارەکانت؟

ـ هیوای لەش ساغی و سەلامەتییان بۆ ئەخوازم وپێیان ئەڵێم : کە دڵنیا بن هونەر هەر بەردەوام ئەبێت و شانۆکار بە ئێوەوە جوان و بە چێژە دووبارە هیوای لەش ساغییان بۆ ئەخوازم.

ماسی بخۆ تاوەکو کێشت کەمکەیتەوە



عەبدولڵەهار هەولێری :

لە نێو دەریادا ماسی زۆرترین سوود بە مرۆڤ دەبەخشێ، لە لێکۆلینەوەیەکی شارەزایانیش کە لە گۆڤاری هونەری زەهرەتولخەلیج باڵاوکراوەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ماسی ڕێژەیەکی زۆر خۆراکە ماددەی گرنگی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا خەلک ئەوەندەی پەنا دەباتە بەر خواردنی گۆشتەمەنی، کە زیانی زیاترە لە قازانجی، ئەوەندە پەنا ناباتە بەر خواردنی گۆشتی دەریایی ماسی. لە گرنگترین سوودەکانی ماسی بیر تیژ دەکات و مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە نەخۆشی لەبیر چوونەوە (ئەلزەهایمەر) هەروەها چارەسەری خەم خەفت دەکات، واتە مرۆڤ دڵخۆش دەکات، هەروەها ماسی تەنگەنەفەسی ناهێڵێت و پارێزگاری لە گەنجیەتی مرۆڤەکان دەکات.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ناسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
نەخۆشییەکە ناسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان


ئەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە
لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلی تایبەتی کەولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت دابپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە
ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتایت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.


سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

چارەسەریە پزیشکییەکان
ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.